


سیـ

گو

ژماره (...٧)

٢٠١٠/١/٤

«کورد داوای یەکێتیەکی بەهێز لەگەڵ بەغدا دەکات، پێویستە هەموو کەسێکیش ئەوە بزانێت ئێمە دروستکردنی بارێکی تایبەت بۆ کەرکوک رەتدەکەینەوە»
مسعود بارزانی – سەرۆکی کوردستان

# هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بارزانی و سۆفت پاوەری ئۆباما
# ٢٠٠٩ ی کرد بە ساڵی تێگەیشتنی جیهان لە کێشەی گەلی کوردستان



دەبێت ئیدارەی ئەمریکا لە میکانیزم و وردەکاری ئەو قسانەی سەرۆک بارزانی تێبگات کە داوای دروستبوونی ئەو یەکێتیە بەهێزە دەکات لەگەڵ بەغدا بێتە ئاراوە

ئەو وشانەی ناو دوو کەوانەکەی سەرەوە دەقی ئەو وشانەیە کە ویبسایتی ناشناڵ پەپلیك رادیۆ ( NPR) http://topics.npr.org/quot٠b٨F٩ul٤Sld٠y?q=Mas/esoud+Barzani وەك هەڵوێستی نەگۆڕی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بەزمانی ئینگلیزی دایناوە بۆ بەردەم رای گشتی ئەمریکا کە ئەمە دەقە ئینگلیزیەکەیەتی:

(Kurds seek unity in struggle with Baghdad، everybody should know that we reject a special case for Kirkuk)

هەڵبژاردنی ئەو چەند وشەیە وەك هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن گەورەترین ویبسایتی حکومەتی ئەمریکاوە، نیشانەی ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا لە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێگەیشتووە و دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکات و هەروەها دەبێت رای گشتی ئەمریکا و جیهانیش لەم هەڵوێستە گرنگەی سەرۆك بارزانی تێبگات، ئەگەر نا عێراق و ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نابینێت و لەم حاڵەتەشدا ئەمریکا نەك عێراق بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوەراستیشی لە کیس دەچێت.

هەڵبژاردنی ئەو چەند وشەیە، زیرەکیەکی لە رادەبەدەری پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی هەموو هەڵوێستەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانی لە خۆی گرتووە . لێرەدا هەڵوەستە لەسەر ئەو دووخاڵە گرنگە دەکەین :

١- ناشناڵ پەپلیك رادیۆ بە رای گشتی ئەمریکا دەڵێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك نوێنەری راستەقینەی گەلەکەی دەڵێت : ( کورد داوای یەکێتیەکی بەهێز لەگەڵ بەغدا دەکات) .ئەم نیوە دێرە واتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخە داوا دەکات هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالیدا، یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی بەغدا هەبێت.

ئەم خاڵە بۆ سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئەوەی پیداگیری بۆ ئێستای عێراق لەسەر دەکات ئەوەیە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوجا چۆن بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، ئەوا پێویستە عێراقیەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەن، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە نەکەوێتە مەترسیەوە دەبێت لەو گۆتنەی سەرۆکی کوردستان تێبگەین کە دەڵێت( کورد داوای یەکێتیەکی بەهێز لەگەڵ بەغدا دەکات ) تێگەیشتن لەم هەڵوێستە سیاسیە نەگۆڕەی سەرۆکی کوردستان کە رەنگدانەوەی ئیرادە و متمانەی خەڵکی کوردستانە بە سەرۆکەکەی، ئەوا دەبێت ئیدارەی ئەمریکا لە میکانیزم و وردەکاری ئەو قسانەی سەرۆك بارزانی تێبگات کە داوای دەکات بۆ دروستبوونی ئەو یەکێتیە بەهێزە لەگەڵ بەغدا بێتە ئاراوە.

٢- ناشناڵ پەپلیك رادیۆ لە نیوە دێڕی دووەمیشدا هەڵوێستی سەرۆکی بەچەند وشەیەك سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان( کە ئێستا پێیدەگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان) پیشانی رای گشتی ئەمریکایداوە و نووسیویەتی ( پێویستە هەموو کەسێك ئەوە بزانێت کە ئێمە دروستکردنی بارێکی تایبەت بۆ کەرکوك رەتدەکەینەوە) پیشاندانی هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان بەوەی مسەلەی کەرکوك و گەرانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان خاڵێکی دیکەی گرنگە و دەبێت هەموو رای گشتی ئەمریکا و جیهان لێی ئاگادار بێت، مەسەلەکە ئەوەیە ئەو هەموو هەوڵانەی بۆ دەستێوەردان لەسەر مەسەلەی کەرکوك



دەخرێتە گەڕ و پێشـــنیاری جۆراو جۆر لەلایەن نەتـــەوە یەکگرتووەکان و هەندێك دبلۆماتـــی ئەمریکی دەخرێنە روو، ئەوا ئەو پێشـــنیارانە بۆ زیاتـــر ئالۆزکردنی باردۆخی عێراقە، کە سەرەنجام بە زیان بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە دەشـــکێتەوە،ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە پێش ئەوەی ئەو پێشـــنیارانە ببنە پرۆژەیەکی سیاسیی و موناقەشـــەی لەسەر بکرێت لەلایەن سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردســـتانەوە رەتدەکرێتەوە ئامادە نابێت ئەسڵەن موناقەشەی لەسەر بکرێت،بۆیە ناشناڵ پەپلیك رادیۆ ئەو رستەیەی لەناو قسەکانی سەرۆکی کوردستان دەرهێناوە کە دەڵێت everybody should-know- ئەمە واتە (هەموو کەسـێك پێویســـتە بزانێـــت)، کە پێویســـت بوو پێشوەختەش هەموو کەسێك ئەوە بزانێت، واتە ئەو مەسەلەیە قابیلی موناقەشەکردن نیە و ئاسنی سارد کوتانە.

٣- خاڵێکی دیکە کە جێگەی ســـەرنجە ئەوەیـــە، کە هەموو ئـــەو وتانەی بەرێز مســـعود بارزانـــی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان کـــە لـــەو ویبســـایتە وەك هەڵوێستی نەگۆڕی سەرۆکی کوردستان دانراون، بەرواری ٢ مانگ پێش ئێستای لەســـەرە، ئەمەیە بایەخ و گرنگی ساڵی ٢٠٠٩ مـــان بـــۆ دەردەخـــات کەچەند ســـاڵێکی پڕ تەحەدی و پڕ دەســـکەوت بـــووە، ئەم لایەنە زۆر گرنگە کە دەکرێت لەرووی سیاسیەوە بۆ ئاییندەی کوردستان لەهەموو ســـاڵەکانی دیکەی نیوسەدەی رابردووی جیابکەینەوە.

### تەحەدییەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ بۆ کورد و رووبەڕووبوونەوەکانی بارزانی بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا

ســـەرەتای ســـاڵی ٢٠٠٩ بـــۆ کـــورد سەرەتایەکی خۆش نەبوو، کۆمەڵێك هەوڵ لە ئارادابوون بۆ ئەوەی ناحاڵیبوونێك لەسەر خواســـتەکانی کوردســـتان بۆ ئاییندەی عێراق دروســـت بکەن، لێرەدا گرنگە بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- سەرەتای ســـاڵی ٢٠٠٩ حکومەتی ســـەرۆك بـــوش تەنهاحکومەتـــی بەڕێوەبردنی کارەکانی رۆژانەبوو توانای بڕیاردانی نەبوو، چونکە کۆشـــکی سپی سەرقاڵی گواستنەوەی دەسەڵات بوو لە ئیدارەی بوشەوە بۆ ئیدارەی ئۆباما، ئەم سەرقاڵیەی کۆشکی سپی ببووە هاندەرێك بـــۆ ئەوەی عەرەبی عێراق بەگشـــتی و نوری مالیکی ســـەرۆك وەزیرانی بەغدا هەندێـــك لێدوان بدەن کە هەڕەشـــەی لە ئاییندەی سیاسیی عێراق دەکرد.

٢- لەســـەرەتای ســـاڵی ٢٠٠٩ و هەتا ٦ مانگـــی یەکەمی ئیـــدارەی ئۆباما، بەجۆرێك تەفسیری سیاسەتی ئۆباما بۆ عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەکرا، وەك ئەوەی بە رۆشـــتنی سەرۆك بۆش ئاســـتی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئەمریکا کۆتایی پێ هات و ئیـــدی دەبێت کورد واز لە هەڵوێســـتە سیاســـیە نەگۆڕەکانی خـــۆی بێنێت و ملکەچی خواستەکانی بەغدا و دەوڵەتانی دراوســـێ بێت، تەنانەت لەســـەر ئاستی رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستانیش زۆر لە سیاسەتمەدار و رۆشنبیرانیش کەبوونە ژێر کاریگەری تەفســـیرە ناواقیعیەکانی عەرەبی عێراق و دەوڵەتانی دراوســـێیەوە بەوجۆرە هەوڵیان بۆ خۆشـــکردنی رای گشـــتی کوردســـتان دەکرد وەك ئەوەی هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە.

٣- لـــە هەڵبژاردنەکانـــی ٢٠٠٩/١/٣١ هەڵبـــژاردن لە کەرکـــوك دواخرا، لە ١٣ پارێزگاکەی دیکەی عێراقیش تەرازووی هێز گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات و لیستەکەی د.نوری مالیکی ( لیستی دەوڵەتی قانوون) گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە نوری مالکیی بانگێشە بۆ هەموارکردنی دەستوور و گێرانەوەی عێراق بۆ سەردەمی حکومەتی سەنتراڵی بەهێز بکات.

**بارزانی ئەو راستیەی لە گەلەکەی نەشاردۆتەوە کە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، کەس نابێتە دۆستی کورد بۆ ئەوەی بەرگری لێبکات، تەنها رێگە بۆ بەرگریکردن لەو مافانە یەکریزی و یەکهەڵوێستی گەلی کوردستانە**

٤- لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ ناخۆشترین تەحدی کە رووبەرووی گەلی کوردستان و دیموکراتخوازانی عێراق بووەوە، هەڵبژاردنەکانی پارێزگای نەینەوا بوو، بەداخەوە لەو هەڵبژاردنانە لیستی حەدبا کە پاشماوەی کۆنە بەعسیەکانی لە خۆ گرتبوو زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا،ئەم لیستە وێرای ئەوەی کە نکۆڵی لە بوونی یەك ملیۆن کورد و کریستیان و تورکمان لە پارێزگای نەینەوا دەکرد و لە هەمانکاتدا داوای دەکرد دەبێت ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان لەسنوری پارێزگای نەینەوا نەکەونە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، لەمەش خراپتر لیستی حەدبا هەڵمەتێکی پاکتاوکردنی رەگەزی دژی کریستیانەکانی پارێزگای نەینەوا و کۆمەڵێك کاری تیرۆریستی دەستپێکرد و هەوڵیدا ئەم کارانە بخاتە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ماوەی ٦ ساڵ بوو پارێزگارییان لە ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای نەینەواو ناو شاری موسڵ دەکرد.

٥- لە ساڵی ٢٠٠٩ هاوکێشەی سیاسیی لە کوردستان گۆڕانی بەسەردا هات و هەڵبژاردن ئەنجامدرا .زۆر کەس و لایەن گرەویان لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکرد، بەڵام سەرەنجام بەشێوەیەکی ئیجابی گەڕایەوە.

٦- لەساڵی ٢٠٠٩ رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو کراو لەپەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا بۆ ئەوەی بۆ دەنگدان بخرێتە بەردەم گەلی کوردستان،بەڵام بە گوشاری ئەمریکا دەنگدانی لەسەر ئەو دەستوورە دوا خست.

٧- لەساڵی ٢٠٠٩ حکومەتی بەغدا هەوڵیدا هێزەکانی سوپای عێراق رەوانەی ئەو ناوچانە بکات کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ و هەولیدا هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە نەهێڵێت.

٨- لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ وەزارەتی نەوتی عێراق هەوڵیدا هەموو ئەو کۆمپانیانەی کۆنتراکتی نەوتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆرکردبوو،بخاتە ناو لیستی رەشەوە.



سەرۆک بارزانی رێگەی نەدا دەسەڵاتی کۆنە بەعسیەکان بگەڕێتەوە بەسەر پارێزگای نەینەوادا، بەپێی هەندێک سەرچاوە، تەنانەت ئەم هەڵوێستە نەگۆڕەی سەرۆک بارزانی جێگەی سەرسورمانی ژنراڵ ئەدریۆی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لەعێراق و پاش ئەوەی تەفەهومی ئەم هەڵوێستەی کرد بریاردرا هێزێکی سێ قۆڵی (ئەمریکی، عێراقی، هەرێمی کوردستان) پارێزگاری لە ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان بکەن

٩- له كۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ هەوڵدرا بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ له رێژەی ٪١٧ كەمبكرێتەوە بۆ ٪١٢ .

١٠- له ساڵی ٢٠٠٩ حكومەتی د.مالیكی هەرەشەی ئەوەی دەكرد هەموو ئەو كونسوڵخانانە دابخات كە دەوڵەتەكانی جیهان له هەرێمی كوردستان كردوویانەتەوە.

١١- له ساڵی ٢٠٠٩ هەڕەشەی دەوڵەتانی دراوسێ لەهەرێمی كوردستان لەوە پەیدابوو، هێشتا توركیا بەو ئاستە رووی له كرانەوە نەكردبوو كە پەیوەندیەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان ئاسایی بكاتەوە.

١٢- لەساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردن به جۆرێك تێپەڕێنرا كە لەبەرژەوەندی گەلی كوردستان نەبوو، بەڵام سەرۆكی كوردستان بریاریدرا بایكۆتی هەڵبژاردنەكانی عێراق بكرێت، هەتا ئیدارەی ئەمریكی و شەخسی سەرۆك ئۆباما و بایدن بە تەلەفون پەیوەندیان بەسەرۆك بارزانیەوە كرد و به فەرمی بەیانیان له كۆشكی سپیەوە دەركرد كە پابەند دەبن به سەلامەتی كوردستان و جێبەجێكردنی دەستووری عێراق به ماددەی ١٤٠ی ئەو دەستوورەوە.

ئەم خاڵانە بەشێك بوون لەو تەحەدیانەی كەراستەوخۆ له ساڵی ٢٠٠٩ روو بەڕووی هەرێمی كوردستان بوونەوە، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی به لۆژیكێكی سەردەمیانە و بە مامەڵەكردنی هێزی نەرم لەگەڵ ئەم تەحەدیانە، بووە هۆكاری ئەوەی نەك تەحدیەكان بونیان نەمینێت، بەڵكو بووە هۆكاری ئەوەی كە هەموو جیهان بەگشتی و ئەمریكا و یەكێتی ئەورپا بەتایبەتی زیاتر تەفەهومی دبلۆماتیەت و هەڵوێستی نەگۆڕی گەلی كوردستان ببنەوە و لەو راستیە تێبگەن، ئەوانەی دەیانەوێت ئەو ئاستەنگانە دروستبكەن و پەیوەندی برایانەی نێوان كورد و عەرەب لە عێراق و پەیوەندی برایانەی نێوان كورد و توركمان و كریستیان و عەرەب له كوردستان تێكبدەن، ئەوانە دژی ئاییندەی عێراقن و دۆستی كۆنە بەعسیەكان و تیرۆریستانی ئەلقاعیدەن.



**سەرۆک بارزانی دوای سوێند خواردنی وەک سەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان، وەک باوک مامەڵەی لەگەڵ هەموو پێکهاتە و قەوارە سیاسیەکانی کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە کرد و، هەر ئەمەش وایکرد کە لە کاتی رەتکردنەوەی سەرۆک بۆ یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و بانگێشەی بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لە لایەن گەلی کوردستانەوە، هەموو گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بەجیاوازی بیربۆچوونی سیاسیەوە لە پشت سەرۆکی خۆیان راوەستان و هەموو دەوڵەتی عێراقی ناچار کرد لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان وتوێژ بکەن**

## هەنگاوەكانی سەرۆكی كوردستان بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ تەحەدیەكان

سەرۆك مسعود بارزانی ئەو راستیەی لە گەلەكەی نەشاردۆتەوە كە بۆ بەرگریكردن لە مافەكانی گەلی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، كەس نابێتە دۆستی كورد بۆ ئەوەی بەرگری لێبكات، تەنها رێگە بۆ بەرگریكردن لەو مافانە یەكریزی و یەكهەڵوێستی گەلی كوردستانە، سەرۆك بارزانی وای دەبینێت ئەگەر گەلی كوردستان یەكریز و یەك هەڵوێست بێت بەدڵنیایەوە دەتوانێت مافەكانی خۆی بچەسپێنێت.

لەم روانگەیەوە سەرۆكی كوردستان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم تەحەدیە سەختانە، پاراستنی یەك هەڵوێستی و یەكریزی گەلی كوردستانی بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە كردە بنەمای رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەدیانە، بەڵام یەكریزی و یەك هەڵوێستی گەلی كوردستانی بۆ ئەوە نەبوو كە بەرەیەكی شەڕ بكاتەوە و بەشەڕ تەحەدیەكان بڕەوێنێتەوە، سەرۆك بارزانی بە یەكریزی و یەك هەڵوێستی گەلی كوردستان جارێكی دیكە دەستی ئاشتی بۆ بونیادنانەوەی عێراقێكی دیموكراتی و فیدرالی و پێكەوەژیانی ئارەزوومەندانە و جێبەجێكردنی دەستووری عێراقی، درێژكردەوەو بەو خەڵكانەی راگەیاند ئەگەر دەتانەوێت عێراقی ئایندە عێراقی هەموان (نەتەوە و ئایینە جیاوازەكان) بێت، ئەوا ئێمە دەستی ئاشتی و هاوكاریمان درێژكردووە، بەڵام ئەگەر بتانەوێت عێراقی ئایندە گەڕانەوە بێت بۆ سەردەمی دیكتاتۆری و كودەتای سەربازی، ئەوا ئەو مەسەلەیە نەك هەر گەلی كوردستان بەڵكو هەموو دیموكراتخوازەكانی عێراقیش قبوڵی ناكەن و نابێت جارێكی دیكە لە عێراقی ئایندە دیكتاتۆریەت بوونی هەبێت، سەرۆك بارزانی بەو لۆژیكە سەردەمیانەو بەو هێزە نەرمەی رووبەروویان بووەوە، ئەم گۆرانكاریانەی بەسەر تەحدیەكاندا هێنا:

• سەرۆك بارزانی كە لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠٠٨ سەردانی كۆشكی سپی كرد بۆ ماڵئاوایی لە سەرۆك بوش، هەوڵەكانی لە ئەمریكاوە دەستپێكرد و لە كۆڕێكدا كە ئامۆژگای بەناوبانگی سەنتەری ستراتیژی و دیراساتی نێودەوڵەتی (CSIS) بۆ بەرێزیان گرێدابوو، تێروانینەكانی گەلی كوردستانی بۆ ئاییندەی عێراق و پەیوەندیەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە ئامادەبوان راگەیاند، لەم كۆڕەدا بێجگە لە بەرپرسانی گەورەی ئیدارەی ئەمریكا وەك برژینسكی و پۆل ۆفۆلتیز و ئەكادیمستەكانی دیكەی ئامۆژگا بەناوبانگەكانی ئەمریكا، چەندین رۆژنامەنووس و نووسەری توركیا و جیهان ئامادەبوون، لە هەموو روویەكەوە پرسیار ئاراستەی سەرۆكی كوردستان كرا و سەرۆكی كوردستان بە راشكاوی وەڵامی هەموو ئامادەبوانی دایەوە،ئێمە لە گۆڤاری گوڵان بۆ رووماڵكردنی ئەو كۆڕە گرنگەی سەرۆك بارزانی دیمانەیەكی تایبەتمان لەگەڵ بەرێز رایمۆند ئێف دیبۆیس راوێژكاری باڵای (CSIS)ئەنجامدا و لێمان پرسی كە ئەمە دەقی پرسیارەكەی گوڵان و دەقی وەڵامەكەی بەرێز رایمۆند دیبۆیسە كە لە نۆڤبەری ٢٠٠٨ دەقەكەی لە گوڵان بلاوكراوەتەوە :

(( گوڵان : سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا و بانگهێشتكردنی لە لایەن « CSIS» بۆ خستنەڕوی تێڕوانینی هەرێمی كوردستان بۆ ئایندەی عێراق جێی گرنگیپێدانی ئێوە بوو، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن تێڕوانینی بارزانی بۆ ئایندەی عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟

رایمۆند ئیف دیبۆس: قسە و وەڵامدانەوەكانی بارزانی بۆ ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی دەكران لە « CSIS»، شیكردنەوەیەكی كارا و قووڵ بوو بۆ



خەون و ئومێدی کوردەکان لە دەوڵەتێکی فیدراڵی لە عێراقدا، من پێموایە هەڵسا بە تاوتوێکردنی مەسەلەی ڕێککەوتنە ئەمنیەکەی نێوان عێراق و ئەمەریکا، مەسەلەی یاسای نەوت و ئەنجامدانی دانوستاندن لە گەڵ تورکیادا ئەوەی پەیوەست بوو بە کێشەی سنوور و پەکەکەوە. تێڕوانینی من ئەوەیە کە بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە یەکە یەکەی ئەو مەسەلانەی تاوتوێکرد و بە شێوەیەکی زۆرباش لە لایەن «CSIS»ەوە پێشوازی لە بیر وبۆچوونەکانی کرا. ))

بەبیر هێنانەوەی ئەو هەولانەی سەرۆك بارزانی نیشانەی پێشبینیەکانی سەرۆکە کە پێش ئەوەی رووبەرووی تەحدیەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بێتەوە هەوڵەکانی خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی هێزی گەلی کوردستان بە ئاراستەیەکی خێر هەم بۆ بەرژەوەندی کورد لە عێراق و ناوچەکە، هەم بۆ ئایندەیەکی گەشیش بۆ عێراق، راوێژکاری باڵای (CSIS) لە وەڵامەکەی گوڵاندا بە خێرایی ئاماژەی بە تەوەرە سەرەکیەکانی کۆرەکەی سەرۆك بارزانی کردووە، کە بەرنامەی سەرۆك بووە بۆ ساڵی ٢٠٠٩:

ا-شیکردنەوەیەکی ورد و قووڵ بۆ بونیادی عێراقێکی فیدرالی.

ب- مەسەلەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و کشانەوەی ئەو هێزانە بەپێی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا.

ج- ئامادەبوونی کورد بۆ تێپەراندنی یاسای نەوت و گازی عێراق.

د-بەردەوامبوون لەسەر وتوێژی ئاشیانە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان.

ە- ئەو خاڵەی پرۆفیسۆر رایمۆند ئاماژەی پێ نەکردووە، شیکردنەوەی سەرۆك بارزانی بوو بۆ ئەو رەفتارەی کۆنە بەعسیەکانی موسڵ کە وەك پاکتاوی رەگەزی دژی برا کریستیانەکان پیادەیان دەکرد، ئەم شیکردنەوەی سەرۆك بارزانی وەڵامی پرسیارێکی جەی گارنەری یەکەمین سەرۆکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بوو،سەرۆك راشکاوانە بە ئامادەبوانی راگەیاند کریستیانەکان برای ئێمەن و بەشێکیان ئێستا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەژین، ئێمە دەرگاشمان والاکردووە بۆ ئەوانەی لە موسڵەوە لەترسی رەفتاری کۆنە بەعسیەکان هەڵدێن و دێنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم و پێشتریش زیاتر لە ١٠٠ هەزار کورد لە ترسی ئەو رەفتارە تیرۆریستیانە موسڵیان بەجێهێشتووە.

- لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراقدا(( بێجگە لە هەولێر و سلێمانی وکەرکوك و دهۆك)) بە دیکۆمێنت رەفتاری پاکتاوی رەگەزی کۆنەبەعسیەکانی لیستی حەدبا دژی پاکتاوکردنی کورد و کریستیان لە موسڵ بلاو کرایەوە.

- دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و سەرکەوتنی لیستی حەدبا، ئیدارەی لۆکاڵی شاری موسڵ کەوتە دەست ئەو لیستە و بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا پرۆسەی کارکردن بە پرانسیپی تەوافق پشگوێ خرا، بۆیە لیستی برایەتی نەینەوا لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ کشایەوە و رێگەی نەدا ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا بکەونە ژێر دەستی لیستی حەدبا، ئەم کێشەیە لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا بە تەواوی چارەسەر نەکراوە، بەڵام بە سووربوونی سەرۆك بارزانی لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی ئێستا هەوڵەکان لە ئارادان بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە و چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی و گەشبینی بوو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ی نەینەوا، ئەوەبوو ئەمجارەش سەرۆك بارزانی رێگەی نەدا دەسەڵاتی کۆنە بەعسیەکان بگەڕێتەوە بەسەر پارێزگای نەینەوادا، بەپێی هەندێك سەرچاوە، تەنانەت ئەم هەڵوێستە نەگۆڕەی سەرۆك بارزانی جێگەی سەرسورمانی ژنراڵ ئەدریۆی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لەعێراق و پاش ئەوەی تەفەهومی ئەم هەڵوێستەی کرد بریاردرا هێزێکی سێ قۆلی( ئەمریکی، عێراقی، هەرێمی کوردستان ) پارێزگاری لە ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان بکەن.





**سەرۆک بارزانی قوربانی بە بەرژەوەندیە حزبیەکانی پارتی داو، بەرژەوەندی ئەم قۆناخەی گەلی کوردستانی خستە سەروو هەموو شتێکەوە**

• سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەش کە بەسەر هاوکێشەی سیاسیی کوردستان هات، کە خودی ئەو گۆرانکاریانە هەڕەشەیەکی جدی بوون بۆ هاوپەیمانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان،سەرۆك بارزانی قوربانی بە بەرژەوەندیە حزبیەکانی پارتی داو، بەرژەوەندی ئەم قۆناخەی گەلی کوردستانی خستە سەروو هەموو شتێکەوە و لە پێناوی ئەوەی ئەو هاوپەیمانیە بمێنێتەوە و باسکی هاوپەیمانی کوردستانی لەناو پەرلەمانی عێراق لە بەغدا لەبەردەم ناحەزانی کورد و ئاییندەی دیموکراتی عێراقدا لاواز نەبێت،سەرۆك بارزانی رێزی لە هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی گرت و نەیهێشت ئەو هاوپەیمانیەتە هەڵبوەشێتەوە و هەر بەپێی ئەو هاوپەیمانەتیەش دوای هەڵبژاردن پرۆسەی ئاشیانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی ئەنجامدرا و بەرێز نێچیرڤان بارزانی پۆستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دایەدەست د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح و وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەکلیف کرا.ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی هەڵوێستێی باوکی رۆحی گەلێك بوو کە بەرژەوەندی و ئاییندەی گەلەکەی لەسەروو هەموو شتێکەوە سەیر کردووە، خۆ ئەگەر خوانەخواستە سەرۆك بارزانی بەم ئاراستەیە و لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان هەنگاوی هەڵنەگرتایە، ئەوا باجی ئەم کێشەیەمان لە بەغدا و لەسەر چارەنووسی کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی دیکە دەدا، بۆیە ئەم هەڵوێستە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییەی سەرۆك بارزانی، راستە قوربانیدان بوو بە بەرژەوەندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام گەرەنتی بوو بۆ سەلامەتی کوردستان و ئێمەی گەیاندە ئەو رۆژەی کە کۆشکی سپی بە نووسراوی فەرمی پابەند بوونی خۆی بە جێبەجێکردنی دەستوور و مادەی ١٤٠ دووپاتبکاتەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەبوو کە سەرۆك بارزانی دوای سوێند خواردنی وەك سەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان، وەك باوك مامەڵەی لەگەڵ هەموو پێکهاتە و قەوارە سیاسیەکانی کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە کرد و، هەر ئەمەش وایکرد کە لە کاتی رەتکردنەوەی سەرۆك بۆ یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و بانگێشەی بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لە لایەن گەلی کوردستانەوە، هەموو گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بەجیاوازی بیربۆچوونی سیاسیەوە لە پشت سەرۆکی خۆیان راوەستان و هەموو دەوڵەتی عێراقی ناچار کرد لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان وتوێژ بکەن، پەیامی سەرۆکی کوردستان بۆ شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ وتوێژ لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق، پێدانی هەموو دەسەڵاتی سەرۆکی کوردستان بووە بەو شاندە، بەڵام رێنماییشی کردبوون کە ئەودەسەڵاتەی بەنەرمی بەکاربهێنن وهەوڵبدەن هەڵوێستەکانتان بۆ ئاییندەی دیموکراتی و فیدرالی عێراقی بێت و دوژمنان سوودی لێ وەرنەگرن. تەنانەت کە سەرۆك ئۆباماو جۆزیف بایدنیش بەشەخسی تەلەفۆنیان لەگەڵ سەرۆکی کوردستان کردبوو کە نەرمی بنوێنێت، سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەوەی داوای کردبوو دەبێت کۆشکی سپی بە فەرمی و بەنووسراو گەرەنتی سەلامەتی کوردستان و جێبەجێکردنی دەستوور رابگەیەنێت، بەرێز د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وسەرۆکی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ وتوێژەکانی بەغدا بە گوڵانی راگەیاند، ئەو کاتەش سەرۆك بارزانی ناوەرۆکی پەیوەندیە



تەلەفۆنیەکەی بە شاندی کوردستان راگەیاندووە پێی گوتوون ئێوە بڕیار دەدەن، ئەمەیە هەنگاوەکانی سەرۆکی کوردستان کە هەنگاوی باوکی رۆحی نەتەوەیەکە کە لە ساتە دژوارەکاندا و بۆ پاراستنی یەکریزی گەلەکەی هەمیشە دەسەڵاتەکەی خۆی بۆ گەلی خۆی دەگەڕێنێتەوە کە پەرلەمانی کوردستانە و نوێنەرایەتی دەکات،سەرۆك بارزانی لەم قۆناخە سەلماندی هیچ شتێك لە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان باڵاتر نیە.

• تەحدیەکی دیکە کە لەساڵی ٢٠٠٩ رووبەرووی هەرێمی کوردستان بووە، گوشاری ئەمریکا بوو بۆ دواخستنی ریفراندوم لەسەر دەستووری کوردستان، ئەم دەستووورە ئەگەر دەنگی لەسەر بدرایە دیفاکتۆیەکی بۆ ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان دروستدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دوانەکەوێت و هاوپەیمانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا نەگاتە مریشکە رەشە، دیسان سەرۆکی کوردستان بەوە رازی بوو کە دەنگدان لەسەر دەستوور دوابخرێت و رێز لە دەنگدانی پەرلەمانی کوردستان بگیرێت و نابێت ئەو دەستوورە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە پەرلەمان و ئەو بڕگانە هەموار بکرێت کە جوگرافیای هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا دیاریدەکات.

• لەسەر ئاستی کێشەکانی عێراق و ئەو دەنگۆیانەی بازاڕگەرمی بۆ هەموارکردنی دەستووری عێراق پێدەکرا، سەرۆك بارزانی سەرۆکی پێکهاتە سیاسیە جیاوازەکانی عێراقی بە ئاگا هێنایەوە و فێریکردن کە دەستوور هەموو خواستەکانی پێکهاتەکانی عێراقی لە خۆی نەگرتووە، بەڵکو ئەو دەستوورە بە تەوافق نووسراوەو لانی کەمی خواستەکانی هەموو لایەکی لە خۆی گرتووە بۆ ئەوەی عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر هەموارکردنی دەستوور بەو ئاراستەیە ئەو بڕگانە هەموار بکرێت کە تایبەتە بە نەتەوەیەك یان پێکهاتەیەکی جیاواز لە عێراقدا ئەوا ئەو نەتەوەیە یان ئەو پێکهاتەیە دەتوانێت داوا بکات ئەو دەستوورە تەنها لەو برگانە هەموار بکرێت، بەڵام پێکهاتەیەك یان یەکێك لە نەتەوە یان مەزهەبە جیاکانی عێراق بەو ئاراستەیە داوای هەموار کردنی دەستوور بکات کە مافی نەتەوەکانی دیکە پێشێل بکات، ئەوا هەموارکردنی دەستوور نیە، بەڵکو ئەوە پێشێلکردنی دەستوورە، بۆیە کە دەستووریش پێشێلبکرێت ئەوا ئاییندەی عێراق دەکەوێتە مەترسیەوە،جێگەی سەرنجە کۆشکی سپی زووتر لە گرین زۆنی بەغدا لەم هەقیقەتەی سەرۆکی کوردستان تێگەیشتن، بۆیە کاتێك کۆشکی سپی بە بەیانێکی رەسمی ئەوە پیشاندەدات کە دەبێت دەستووری عێراق جێبەجی بکرێت،زۆر کەس لە کوردستان کە خۆی بەسیاسەتمەدار و رۆشنبیر دەزانێت، هەتا ئێستاش لە بایەخ و گرنگی ئەو بەیانەی کۆشکی سپی بۆ ئاییندەی کوردستان تێنەگەیشتوون، داوای ئەوە دەکەن دەبێت ئەمریکا بێت بە دەستی خۆی ئاڵای دەوڵەتی کوردستان لە هەولێر هەڵبکات، ئەوان لەو ئامۆژگاریەی سەرۆکی کوردستان تێناگەن کە راشکاوانە بەگەلەکەی خۆی دەڵێت چاوەڕێ مەکەن کەس مافەکانتان بۆ بسەلمێنێت بەڵکو تەنها یەکریزی و یەکهەڵوێستی خەڵکی کوردستان دەتوانێت بەرگری لە مافەکانمان بکات و بیچەسپێنێت و دڵنیاشین بەیەکریزی و یەکهەڵویستی دەتوانین بەرگری لەمافەکانی خۆمان بکەین و بیشیانچەسپێنین.لەلایەکی دیکەوە و لەسەر ئاستی پێکهاتە سیاسیەکانی عێراق و سیاسەتمەدارە دیارەکانیان، هەتا ئێستاش لەوە بێ ئاگان دەستووی عێراق، دەستوورە بۆ کۆماری

ئەم هەڵوێستە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییەی سەرۆک بارزانی، راستە قوربانیدان بوو بە بەرژەوەندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام گەرەنتی بوو بۆ سەلامەتی کوردستان و ئێمەی گەیاندە ئەو رۆژەی کە کۆشکی سپی بە نووسراوی فەرمی پابەند بوونی خۆی بە جێبەجێکردنی دەستوور و مادەی ١٤٠ دووپاتبکاتەوە



**هەنگاوەکانی سەرۆکی کوردستان کە هەنگاوی باوکی رۆحی نەتەوەیەکە کە لە ساتە دژوارەکاندا و بۆ پاراستنی یەکریزی گەلەکەی هەمیشە دەسەڵاتەکەی خۆی، بۆ گەلی خۆی دەگەڕێنێتەوە کە پەرلەمانی کوردستانە**

عێراقی فیدرال و دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاریکردووە نەچۆتە ناو وردەکاری دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە و مافی هەرێمەکانە خۆیان دەستوور بۆ خۆیان دابرێژن و هاوڵاتیانیان دەنگی لەسەر بدات، تەنها شتێك لە دەستووری هەرێمەکاندا کە جێگەی قبوڵکردن نابێت ئەوەیە کە ناوەرۆکی دەستووره لەگەڵ دەستووری عێراق یەکنەگرێتەوە، بۆیە کاتێك گوێ بیستی ئەوە دەبین شیعە یان سونە داوای هەموار کردنی دەستووری عێراق دەکەن،ئەم حاڵەتە لە دوو گریمانە بەدەر نیە، یەکەمیان یان ئەوەیە کە نازانن مانای دەستووری عێراق چیە و لێی تێنەگەیشتوون، دووەمیان ئەوەیە دەیانەوێت لەژێر پەردەی هەموارکردنی دەستووردا مافەکانی گەلی کوردستان پێشێل بکەنەوە،ئەم حاڵەتە کەبەم سادەییە دەیخەینەروو، لەوانەیە هەندێك پێیان وابێت ئەمە تەحسیل حاسڵە و شتێکی تازە نیە، بەڵام ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان چەندین جار ئەوەمان خستۆتە روو دروستکردنی ئەم پەردەیە بۆ پێشلکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، نەك تەنها لە عێراق بەڵکو لە وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانیشەوە سوپایەکی گەورەی لۆبی لە پشتەوەیە و دەیانەوێت ئەم پەردەیە زیاتر ئەستوور بکەن بۆ ئەوەی لەژێرەوە بە کەیفی خۆیان مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا بە ئاستێك پێشل بکەن کە هیچ مانایەکی بۆ نەمێنێتەوە،کاریگەری ئەم سوپا لۆبیەی لەسەر ئاستی ئەمریکا و ئەوروپا کار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر تۆژەر و لێکۆڵەرەوەکانی ناوەندەکانی توێژینەوەکانی هەموو جیهان هەبووە، هەربۆ نموونە پرۆفیسۆر جوست ئەلتێرمان بەڕێوەبەری دیراساتی ئامۆژگای قەیرانە نێودەوڵەتیەکان و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لەساڵی ٢٠٠٧ لە دیراسەکیدا پێشنیاری بارێکی تایبەتی بۆ کەرکوك دەکرد، هەر ئەو کات سەرۆك بارزانی لە برۆکسلەوە ئەو پێشنیارەی رەتکردەوەو ئاشکرای کردکە باری تایبەت بۆ کەرکوك جێگەی قبوڵکردن نیە، بەڵام لە تازەترین دیراسەتیدا کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاویکردۆتەوە و بەسوپاسەوە جوست هێلتەر مان وینەیەکی بۆ گوڵان ناردووە، هەستدەکەین ئێستا تێگەیشتنێکی تازە لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دروست بووە، راستە ئێمە وەك کوردستانی هێشتاش لەگەڵ تەواوی ناوەرۆکی دیراسەتەکەی هیلتەرمان نین، بەڵام هەست بەو گۆڕانکاریەش دەکەین کە بەرێز هێلتەرمان بەم چەند وشەیە دەستی بە دیراسەتەکەی کردووە و نووسیویەتی ( کەرکوك ئایندەی عێراق دیاری دەکات، ئەمەش واتە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێتە سەرەتای دیموکراتی و پێکەوەژیان لە عێراقدا، پشتگوێ خستنی دەبێتە هۆکاری هەڵایسانی شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان) ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە بەرنامەماندایە لە ژمارەکانی دادێ لەسەر ئەو دیراسەتە تازەیە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ بەرێز پرۆفیسۆر هێڵتەرمان بکەین، هەروەها ئاگاداری ئەوەشین کە هەردوو راوێژکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەرێزان نوح فیلدمان و لاری دایمۆند، چۆن پشتگیری لە هەموار کردنی دەستووری عێراق دەکەن، بیانووی ئەم دوو راوێژکاری بۆ هەموارکردنەوەی دەستوورەکە ئەوەیە بەشێکی زۆری عەرەبی سونەی عێراق لە دەنگدان بۆ دەستوورەکە بەشداریان نەکردووە، ئەم خاڵە هەستیارە کە نەك خەڵکی ئاسایی بەڵکو سیاسەتمەدار و بیرمەندەکانیشی بە لاڕێدا بردووە، کارێکی ئاسان نیە ئەو تێگەیشتنە دروستبکرێتەوە و لە هەقیقەتی هەڵوێستە

**پێویستە هەموو وەک باوکی رۆحی گەلی کوردستان سەیری سەرۆک بارزانی بکەین**



نیشتمانی و نەتەوەییەکانی سەرۆك بارزانی تێبگەن و لەو راستیە ئاگادار بن، کە سەرۆك بارزانی چۆن داکۆکی لە مافی گەلی کوردستان دەکات بەهەمان شیوە بەرگری و داکۆکی لە مافی هەموو عەرەبی عێراق دەکات، تێگەیشتن لەم هەڵوێستە مەبدەئیەی سەرۆك بارزانی کە دەزانێت عێراق بەبێ برایەتی کورد و عەرەب و پێکەوە ژیانی ئارەزومەندانەدا، دەبێتە دۆزەخ بۆ هەموو عێراقیەکان کارێکی ئاسان نیە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش بە ئاسانی لێی تێبگەن، ئێستاش هەندێك کەسی بەناو سیاسیی و رۆشنبیری ئەوتۆ لە کوردستان هەن، کاتێك سەرۆك بارزانی باسی پێکەوە ژیانی برایانە و پتەوکردنی برایەتی نێوان کورد و عەرەبی لەسەر ئاستی عێراق و برایەتی کورد و تورکمان و کریستیان و عەرەب لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەکات، واتێدەگەن ئەمە خاڵی لاوازی و سازشکردنە لەسەر مافە نەتەوەیەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا، ئەوان بە وردی و قووڵیی لەسەر مەسەلەکە راناوەستن کە سەرۆك مسعود بارزانی لە پێناوی نەوەکانی ئێستا و داهاتووی عێراق و کوردستان پێداگیری لەسەر دەکات،لەوانەیە سیاسەتمەدار و رۆشنبیرانی کوردستان کەمتر ئاگایان لەوە هەبێت کە سوپا لۆبیەکەی دەوڵەتانی عەرەبی ودەوڵەتانی دراوسێ بەجۆرێك لەبەرامبەر لاوازی لۆبی کورد لە ئەورپا و ئەمریکا کاریگەریان هەیە، ئەمریکا زیاتر لە ٢٠٠ساڵە سیستەمەکەی سیستەمی فیدرڕالیە،لەوانەیە خوێنەری ئەم راپۆرتە لای سەیر بێت کەدەڵێین، ئەو سوپای لۆبیەی دژی خواستی کورد خراوەتە گەڕ هەتا ئێستا بەجۆرێك کاریگەریان لەسەر کۆنگرێسمانەکانی ناو کۆنگرێسی ئەمریکا هەیە، کە فیدرالیەت بۆ عێراق مانای هەڵوەشانەوەی عێراق و پارچە پارچە بوونی عێراق، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بە نووسراو دەقی ئەو قسانەی بەرێز لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکامان لایە، تەنانەت هەتا ساڵی ٢٠٠٥یش بەرێز جۆزیف بایدن کەئێستا جێگری سەرۆکی ئەمریکایە، فیدرڕالیەتی عێراقی بە پارچە پارچە بوونی عێراق لە قەڵەمداوە، پرۆفیسۆر گلب راشکاوانە لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ئەم مەترسیەی بە گوڵان راگەیاند کە کێشەی ئێمە وەك کورد ئەوەیە لاوازین بەرامبەر ئەو سوپا لۆبیەی لەدژی خواستەکانی کورد لە ناو کۆنگرێس کاریگەریان لەسەر کۆنگرێسمانەکان هەیە، هەروەها بەرێز ئالان مەدلا پەرلەمانتاری فەرەنسی و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی کەمینەکانیش، لە وەڵامی پرسیارێکی گلەیی ئامێزی گوڵاندا کە لێمان پرسی، بۆچی پەرلەمانی فەرەنسا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بە ژینۆساید دەناسێنێت وکەچی کیمابارانی هەڵەبجە و ئەنفال بە ژینۆساید ناناسێنێت، لە وەڵامدا زۆر راشکاوانە بە گوڵانی راگەیاند لەبەر ئەوەی ئەرمەنەکان خاوەنی لۆبیەکی چالاکن و کاریگەریان لەسەر پەرلەمانتارەکانی فەرەنسا هەیە و کورد ئەو لۆبیەی نیە.درێژەدان بەم باسەو هێنانەوەی ئەو دوو نموونەیەی کە راشکاوانە دوو کەسی پایەبەرزی ئەمریکا و فەرەنسا پێی راگەیاندووین، بۆ ئەوەیە خوێنەری ئەم راپۆرتە لەو ئەرکە قورسە بگەیەنین کە سەرۆکی کوردستان وەك باوکی رۆحی گەلی کوردستان شانیدایە بەر و توانی جیهان بگەیەنێتە ئەو راستیەی قەناعەت بە مافەکانی گەلی کوردستان بهێنن و لەمەترسی پێشلکردنی ئەم مافانە تێبگەن.

• تەحدیەکی دیکە کە لەساڵی ٢٠٠٩ رووبەرووی سەرۆکی کوردستان بووە، مەسەلەی پێوەندییە ئیقلیمیەکانی

**کاتێک کۆشکی سپی بە بەیانێکی رەسمی ئەوە پیشاندەدات کە دەبێت دەستووری عێراق جێبەجی بکرێت، زۆر کەس لە کوردستان کە خۆی بەسیاسەتمەدار و رۆشنبیر دەزانێت، هەتا ئێستاش لە بایەخ و گرنگی ئەو بەیانەی کۆشکی سپی بۆ ئاییندەی کوردستان تێنەگەیشتوون، داوای ئەوە دەکەن دەبێت ئەمریکا بێت بە دەستی خۆی ئاڵای دەوڵەتی کوردستان لە هەولێر هەڵبکات**

**مایکل ڕۆبین، لە وتارەکەیدا ئایا کورد دۆستی ئەمریکایە؟ ئاماژەی بەوە کردووە کورد دۆستی ئەمریکا نیە لەبەر ئەوەی مسعودبارزانی ئەو ئاڵایەی لە هەرێمی کوردستان هەڵکردووە کە لە چلەکانی سەدەی رابردوو کۆماری کوردستان هەڵیکردووە، سەیر بکەن ئەو گۆڕانکاریەی کە سەرۆکی کوردستان لە پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیای هاێناوەتە ئاراوە، کارێکی نە مەزندە بۆکراو بووە، نەکارێکی چاوەرنکراویش بووە، تەنها ئەو سەرۆکانە توانیویانە وەرچەرخانی وەها دروستبکەن کە نازناوی (باوك) یان هەبووە**

هەرێمی کوردستان بوو لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا، خاڵی سەرەکی و گرنگ لەم تەحەدیەدا ئەوەبوو دەستووری عێراق بەفەرمی هەرێمی کوردستانی وەك قەوارەیەکی سیاسیی لە چوارچێوەی عێراقدا سەلماندبوو، حکومەتی تورکیا لەژێر کاریگەری ژەنەراڵەکانی سوپادا هەموو دەستووری عێراقی قبوڵ بوو، بەڵام ئەو خاڵەی نەدەسەلماند کە پەیوەندی بە دانپێدانانی هەرێمی کوردستان هەبوو وەك هەرێمێکی فیدرالی لە چوارچیوەی عێراقدا، هەروەها دەوڵەتی تورکیا گەڕانەوەی کەرکوکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە هەڕەشەیەکی جدی بۆسەر تورکیا لە قەڵەمدەدا، بۆ ئەوەی کارتەکانی ئەم کێشەیەش تێکەڵبکەن، گوشاریان دەخستە سەر سەرۆکی کوردستان کە ڕێکخراوی پەکەکە وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریست بناسێنێت، بەڵام سەرۆکی کوردستان لەبری ئەوەی تەسلیمی ئەو گوشارانە بێت بەلۆژیکی سەدەمیانەی خۆی تۆپەکەی گواستەوە بۆ گۆڕەپانی حکومەتی تورکیا و پێی ڕاگەیاندن، چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەرێکی ئاشتیانە و سیاسیانەی دەوێت، ئەگەر حکومەتی تورکیا هەنگاوی بەم ئاراستەیە هەڵگرت و چەکدارانی پەکەکە هەر لەسەر شەڕکردن بەردەوام بوون ئەوا ئێمەش ئەو کاتە وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریست دەیانناسێنین، بەڵام هەوڵنەدرێت هەنگاو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە هەڵبگیرێت، ئەوا ٢٥ ساڵە چارەسەری سەربازی تاقیدەکرێتەوە ٢٥ ساڵی دیکەش بەردەوام بن، کێشەکە لە ئێستا خراپتر دەبێت، سەبارەت بە هەڵوێستی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، پێش وتوێژەکان بگەنە ئاستی وتوێژی فەرمی و سەردانی دوولایەنە، سەرۆك بارزانی لە میانەی چەندین دیمانەی ڕۆژنامەوانی نووسرا و بینراو میدیاکانی تورکیا پەیامی خۆی بە گەلی تورکیا ڕاگەیاندو پێیگووتن، ئێمە نەك تورکیا بە دوژمن نازانین و نابینە هۆکار بۆ تێکدانی سەقامگیری تورکیا،بەڵکو ئێمە تورکیا بە دەوڵەتێکی ئیقلیمی گەورە و دەروازەیەکی گرنك بۆ هەرێمی کوردستان دەزانین و گەلی تورکیاش هەمووی بەبرای خۆمان دەزانین وحەزیش دەکەین پەیوەندی برایانەی نێوان هەردووگەل لەسەر ئاستی بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزی هاوبەشی هەردوولاوە بێت بۆ یەکتری، تێگەیشتنی گەلی تورکیا لە پەیامەکانی سەرۆك بارزانی کاری حکومەتی تورکیای ئاسانکرد کە بتوانێت هەنگاوی زیاتر بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەڵبگیرێت، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ کاتێك ڕۆژنامەکانی تورکیا ئاماژەیان بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکرد هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی ڕاکی گشتی تورکیا ئەم مەسەلەیەی لا سەیر نەبێت، وردە وردە هاتە سەر ئەوەی کە لەبەرنامەی وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا عەلی باباجاندا هەیە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەم بەرنامەیە لەسەردەمی دەوڵەت ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی ئێستای تورکیا هاتە دی و بە ئاڵای کوردستان و ئاڵای تورکیا لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پێشوازی لێکرا و پاشانیش لەگەڵ سەرۆکی کوردستان لە بەردەم ئاڵای کوردستان و تورکیا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیان گرێدا، لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین، کە کەسێکی وەك مایکل ڕۆبین، لە وتارەکەیدا ئایا کورد دۆستی ئەمریکایە؟ ئاماژەی بەوە کردووە کورد دۆستی ئەمریکا نیە لەبەر ئەوەی مسعودبارزانی ئەو ئاڵایەی لە هەرێمی کوردستان هەڵکردووە کە لە چلەکانی سەدەی رابردوو کۆماری کوردستان هەڵیکردووە، سەیر بکەن ئەو گۆڕانکاریەی کە سەرۆکی کوردستان لە پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیای هاێناوەتە ئاراوە، کارێکی نە مەزندە بۆکراو بووە، نەکارێکی چاوەرنکراویش بووە، تەنها ئەو سەرۆکانە توانیویانە وەرچەرخانی وەها دروستبکەن کە نازناوی (باوك) یان هەبووە. ئێمە لەم ڕاپۆرتە ڕاشکاوانە ئاماژە بەو ڕاستیە دەکەین و خوێنەرانمان سەرپشك دەکەین و دەڵێین : (( هیچ بیرمەندێك و نووسەرێك یارۆژنامەنووس، یاسیاسەتمەدارێك)) مەزندەی ئەوەی نەکردووە لەماوەیەکی ئاوا نزیکدا هەردوو بەڕێزان دەوڵەت ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا و بەشیر ئەتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا،سەردانی کوردستان بکەن و لە بەردەم ئاڵای کوردستان و تورکیا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی گرێبدەن و لەبەردەم ئاڵای کوردستان و تورکیا تەوقەی پرۆتۆکۆلی بکەن، ئەمەیە کە دەبێت هەڵوێستەی




CSIS
CENTER FOR STRATEGIC &
INTERNATIONAL STUDIES
CSIS

لەسەر بكرێت وهەموو وەك باوكی رۆحی گەلی كوردستان سەیری سەرۆك بارزانی بكەین.

- سەردانی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆكی هەڵبژێراوی كوردستان بۆ دەوڵەتانی ئەندامی یەكێتی ئەورپا و پاشان كۆبوونەوەی لەگەڵ بەرێز خافێر سۆلانا و پاشانیش پێشكەشكردنی موحازەرەیەك لەناو پەرلەمانی یەكێتی ئەورپا و بە ئامادەبوونی سەرۆك وئەندامانی شاندی یەكێتی ئەورۆپا بۆ عێراق و رۆژنامەنووسانی ئەورپا و توركیا،لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری بە یەكێك لە دەستكەوتە گرنگەكانی سەرۆكی كوردستان دەژمێریت لەساڵی ٢٠٠٩، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان كە بۆ رووماڵكردنی ئەم سەردانە سەركەتووەی سەرۆك،دیمانەی تایبەتمان لەگەڵ جێگری سەرۆكی لیژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورپا و سەرۆكی شاندی یەكێتی ئەورپا و ئەندامی شاندی یەكێتی ئەورپامان بۆ عێراقكرد، ئەوەی بە دوو وشە پێیان راگەیاندین و كردمان بە مانشێتی سەرەكی ئەو ژمارەی گۆڤارەكەمان ئەوەبوو پییان گووتین( یەكێتی ئەورپا پەرۆشە بۆ شەراكەتی بارزانی ) ئەوانەی لەم پەیامە تێدەگەن، ئەوە بەسە كە بڵێین ئێستا یەكێتی ئەورپا هەرێمی كوردستان لە ژێر سایەی سەرۆك مسعودبارزانی بە هاوتای دەوڵەتێكی ئەندامی یەكێتی ئەورپا سەیر دەكات و گەیشتوونە قەناعەت نابێت دەوڵەوتێك هاوشێوەی ئەندامانی یەكێتی ئەورپا بێت پشتی تێبكرێت.

## ساڵی ٢٠١٠ش ساڵی بەدیهێنانی خەونەكان و چاوەرێی هەڵوێستەكانی بارزانی یە


لەگەڵ دەسپێكی ساڵی ٢٠١٠ دەكەوینە ناو هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنەكانی عێراق، ئەو هەڵبژاردنەی كە ئایندەی هەرێمی كوردستان و بەغدا دیاریدەكات، ترسی كورد و كوردستانیەكان لەم هەڵبژاردنە ئەوەنیە، كە كوردستانیەكان دەنگ بە هاوپەیمانی كوردستان و لیستە جیاوازەكانی كوردستان نادەن، نەخێر ئەمجارەش كوردستانیەكان دەنگ بە هاوپەیمانی كوردستان و











npr | FIND A STATION | NEWS | ARTS & LIFE | MUSIC | PROGRAMS A-Z | DONATE » | SHOP »

Topics / Massoud Barzani / Quote

quote from:

**kurds seek unity in struggle with baghdad**

view quote in context ›

“everybody should know that we reject a special case for Kirkuk.”

– Massoud Barzani
SOURCE: MIDEAST YOUTH
2 MONTHS AGO

all quotes from:

**kurds seek unity in struggle with baghdad**

“If Kurdish parties lose Kirkuk, it means they have lost the Kurdistan Region”

SOURCE: MIDEAST YOUTH
2 MONTHS AGO

“We all agreed to have one position regarding the Kirkuk issue”

– Massoud Barzani
SOURCE: MIDEAST YOUTH
2 MONTHS AGO

“Kurdish unity now is more necessary than ever because in the four coming years Iraq will face a political crisis”

**search npr topics**

Massoud Barzani | search

live in concert
The latest bands and legendary performances streaming on demand.
npr music | Visit NPR Music
Become an NPR Sponsor »

**related photos** RSS



ئەو لیستە جیاوازە کوردستانیانە دەدەن کە بەداخەوە ئەمجارە هەموویان لە ژێر چەتری هاوپەیمانی کوردستان کۆنەبوونەتەوە، بۆیە تەحەدی یەکەم کە سەرۆکی کوردستان پێیهەڵدەستێت لەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە هاوپەیمانی کوردستان و لیستە جیاوازەکانی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانی لە ژێر چەتری بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستاندا کۆبکاتەوە،بۆیە ئەوەی گەلی کوردستان بۆ ئەم ساڵە چارەنووسسازە لە باوکی روحی خۆی چاوەڕێی دەکات ئەوەیە کە هەموو لایەك لە پێشەوە هاوپەیمانی کوردستانی بەو گیانە ئاراستە بکات کە بەرژەوەندی قەوارە سیاسیەکانیان بخەنە ژێر بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەلی کوردستانەوە و خەڵك هانبدەن کە بەشداریەکی کارا لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا باسکی بەهێزبێت بۆ رووبەرووبوونەوەی تەحدیەکان،لایەنێکی دیکە کە جێگەی مەترسیە و بە تەحەدیەکی گەورە سەیر دەکرێت و رووبەرووشمان دەبێتەوەو مەسەلەی ململانێی قەوارە ساسیە کوردستانیەکانە لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوك و دیالە و سەلاحەدین و تەنانەت بەغداش، بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم تەحەدیە ترسناکە گەلی کوردستان هەمووی چاروەێی هەڵوێست و هەوڵەکانی سەرۆك بارزانیە، کە بێگومان گەشبینین سەرۆك بارزانی بەپێی بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کورستان هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە هەموو گەلی کوردستان چاوەرییێە لەگەڵ سەرۆکەکەی کۆبێتەوە و راستەوخۆ گوێ بۆ پەیامەکانی رابگرێت و وەك بەرنامەی رۆژانە و بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان پیادەی بکات، لەم روانگەیەوە ساڵی ٢٠١٠ چاوەڕێی سەردانە مەیدانیەکانی سەرۆکی کوردستانە، چاوەڕێی تێکەڵبوونی زیاتری گەلی کوردستان و سەرۆکە، چاوەڕێی ئەوەیە کە سەرۆك لەسەر هەر بستە خاکێکی کوردستان پەیامی هەبێت، کە هەر ئەمەش لەسەرۆکی رۆحی گەلێك چاوەڕێکراوە کە گەلی خۆی متمانەی پێداوە.



# ٢٠٠٩ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان
# ساڵی ئومێد بوو بۆ ئاییندە



سالی ٢٠٠٩ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سالی کۆکردنەوەی بەرهەمی بەرنامە و هەولەکانی چەند سالەی هەولەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون،بۆیە باسکردنی سالی ٢٠٠٩ وەك سالێکی دیار لە مێژووی حکومڕانی کوردستاندا بۆ ئەوەیە چونکە کۆمەڵێك دەستکەوت بەدەستهاتن کە بەدەستهاتنیان چاوەروان نەکراوبوو، ئەو دەستکاوتانەش نەك تەنها لەسەر ئاستی ئابووری و رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان بەلکو لەسەر ئاستی کاملبوونی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێم و دروستکردنی گەوەرترین بەندەری ئاسمانی کە تەواو بوونی کارە سەرەکیەکانی فرۆکەخانەی دووەمی نێو دەولەتی هەولێر بوو، هەروەها ئەو دەستکەوتانەی دیکە کە بە خاڵ ئاماژەیان پێدەکەین.

- دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلات.
- سالی ئاوەردانەوە لە گەرمیان کەسوکاری ئەنفالەکان .
- ناردنە دەرەوەی نەوت .
- چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا
- کردنەوەی کونسولخانەکان
- بوونی کوردستان بە وۆرك شۆپێکی گەورە
- سالی کۆتاییهاتنی کارە سەرەکیەکانی فرۆکەخانەی دووەمی نێو دەولەتی هەولێر.
- سالی ئومێد بۆ ئایندە

ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن هەر یەکەیان شایستەی ئەوەن نەك راپۆرتێك بەلکو کتێبێکی لەسەر بنووسرێت، لەبەر ئەوەی هەریەکێك لەو خاڵانە گۆڕانکاریەکی ئەو تۆی لە ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خەلکی کوردستان دروستکردووە، کەنەك بوونەتە فاکتەری ئاسایش و سەقامگیری لە کوردستان بەلکو هەنگاوێك بۆ سەقامگیری باری ئابووری، کۆمەڵایەتیو دەروونی هەر تاکێك و هەموو پێکەوە ئەو وێستگەی ئومێدە بوون کە بەگەشبینیەوە بۆ ئایندە بڕوانین، لێرەوە بە هەلوەستەیەکی بچووك لەسەر هەریەکەیان مەبەستمانە خوێنەرانی گولان لە بایەخی ئەو دەستکەوتانە و کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکانی سالی ٢٠١٠ هەرێمی کوردستان بەگشتی و ژیانی رۆژانەی هەر تاکێك دەبێت.

-١-

## دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلات و کاملبوونی دیموکراتی لە کوردستاندا

دەستاودەستکردنی پرۆسەی ئاشتیانەی دەسەلات لە ولاتێکدا کە هێشتا ستوونە سەرەکیەکانی سەروەری یاسا و کاری دامەزراوەیی دەولەتی وەك پێویست رەگی دانەکوتابێت، کارێکی ئاسان نیەو یەکێکە لە هەرە جوانترین دەستکەوتەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێهاتوویی و جوامێری نێچیرڤان بارزانی کە سەلماندی هەول و ماندوبوونەکانی بۆ کورسی و دەسەلات نیە بەلکو بۆ خستنە سەرسکەی ژیانی دیموکراتی و کاری دامەزراوەیی دەولەتیە لە کوردستاندا،سەلماندی حکومڕانی لە دەولەتدا ئەوکاتە مانای دەبێت کە سەقامگیری حکومڕانی هەبێت و لایەنە سیاسیەکان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان تێروانینی هاوبەشیان هەبێت،نێچیرڤان بارزانی فێری کردین سەردەمی ئەوە بەسەر چوو پارتی بەرنامەی یەکێتی رەتبکاتەوەو یەکێتی بەرنامەی رەتبکاتەوە، بەلکو پارتی و یەکێتی بەرنامەی یەکتری تەواو دەکەن و پێکەوە بەدیدیکی هاوبەش بونیادی ئاییندەیەکی گەش بۆ کوردستان دەنێن، ئەم دیدە هاوبەشە لە دیموکراتیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە تورکیا و ئیسرا ئیلیشە و ە کە



سالی ٢٠٠٩ وەک سالێکی دیار لە مێژووی حکومڕانی کوردستاندا کۆمەلێک دەستکەوت بەدەستهاتن کە بەدەستهاتنیان چاوەروان نەکراوبوو، ئەو دەستکاوتانەش نەک تەنها لەسەر ئاستی ئابووری و رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان بەلکو لەسەر ئاستی کاملبوونی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێم و دروستکردنی گەوەرترین بەندەری ئاسمانی کە تەواو بوونی کارە سەرەکیەکانی فرۆکەخانەی دووەمی نێو دەولەتی هەولێر بوو

نموونە دوو دەوڵەتی دیموکراتی سەرکەتوون لە ناوچەکە بوونی نیە،مێژووی دوای هەشتاکانی سەدەی رابردووی دیموکراتیەتی تورکیا پێمان دەڵێت، هەرگیز پارتی نیشتمانی دایك تەواوکاری بەرنامەکانی پارتی گەلی دیموکراتی نەبووە، هەرگیز پارتی رەفای ئیسلامی تەواوکاری بەرنامەکانی حزبەکانی دیکە نەبوون، ئێستا پارتی دادو گەشەپێدان لەگەڵ هەنگاوەکانی بۆ کرانەوەو دیموکراتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئیجابین، تەواوکاری بەرنامەی هیچ حزبێکی سیاسی تورکیا نیە و هیچ حزبێکی دیکەی تورکیا ئەگەر بێتە جێگەی پارتی داد و گەشەپێدان تەواوکاری هەمان بەرنامە نابێت، لە ئیسرائیلیش هەرگیز پارتە سیاسیەکان بەرامبەر بە ناوخۆی وڵات و سیاسەتی دەرەوە تەواوکاری بەرنامەی یەکتری نەبوون، زۆرجار پارتی لیکۆد شەڕی کردووە،پارتی کار ئاشتی کردووە، زۆر جار پارتی کار رێککەوتننامەی ئاشتی ئیمزا کردووەو لیکۆد پێوەی پابەند نەبووە، بۆیە ئەگەر بڵێن نێچیرڤان بارزانی مۆدێلێکی تازەی دیدی هاوبەشی دەگمەنی حکومڕانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا داهێنا، ئەوە واقیعێکە و خۆمان بە چاوی خۆمان دەیبینین و هەستیپێدەکەین،هەر بۆنموونە ئێستا ئەگەر هاووڵاتیەك سەیری هەواڵەکانی تەلەفزیۆن نەکات یان رۆژنامەکان نەخوێنێتەوە لەوانەیە نەزانێت سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕدرابێت و د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح هاتبێتە شوێنی،ئەمە یەك مانای هەیە واتە حکومڕانی لە کوردستان گەیشتۆتە قۆناخی سەقامگیری و پرۆسەی ئاشتیانەی ئاڵوێرکردنی دەسەڵات لەمەودوا دەبێتە مۆدێلی حکومرانی لە کوردستاندا.

ئەو ماوەیەی نێچیرڤان بارزانی ئەم کولتوورەی تێدا دروستکرد، تەنها ماوەکەی ٣ ساڵ بوو، وەك ماوە لەگەڵ ئەزموونی هیچ حکومەتێکی جیهاندا لە ئەمریکا تاژاپۆن لە سوید تا باشوری ئەفریقیا بوونی نەبووە، لەکاتێکدا ئەگەر سەیری حکومڕانی حکومەتی بەغدا بکەین، دەبینین نوری مالکیی وەك نوێنەری لیستی هاوبەندی عێراقی یەکگرتوو( ئیئتیلافی شیعە) بووە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق بوو، حکومەتی بۆ بەرژەوەندی و نفوزی سیا سیی پارتەکەی بەکارهێنا و لە پێناوی هەڵبژاردنەکانی پاریزگاکاندا لە ٢٠٠٩/١/٣١ لیستی هاوبەندی یەکگرتووی عێراقی هەڵوەشاندەوەو بە لیستی دەوڵەتی قانوون بەشداری کردو زۆرینەی دەنگەکانیشی بەدەستهێنا، ئەمجارەش بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ دیسان بە لیستی سەربەخۆ و جیاواز دادەبەزێت و گەورەترین رکابەری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و رێکخراوی بەدر و شەهیدی میحراب دەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆ نێچیرڤان بارزانی لەبار نەبوو هەمان سیناریۆی مالکیی لە کوردستان دووبارە بکاتەوە و لە حکومەتدا بمێنێتەوە؟ وەڵامی ئەمە ئاسانە و نەك هەر لای چاودێرێکی سیاسی بەڵکو هاوڵاتیەکی سادەش ئەو راستیە دەزانێت، ئەگەر نێچیرڤان بارزانی مەبەستی بوایە و عاشقی کورسی دەسەڵات بوایە ئاسانتر لە مالکیی ئەو کارەی پێدەکرا و شەرعیەتیشی دەبوو، لەبەر ئەوەی هاوکێشەی سیاسی گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتبوو، بەڵام پابەندبوونی نێچیرڤان بارزانی بە رێنمایەکانی سەرۆك مسعود بارزانی و پاراستنی هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی یەکێتی بۆ تێپەراندنی قۆناخی ئینتیقالی و کامڵبوونی دیموکراتی، لە هەموو شتێکی دیکە بە گرنگتر

**ئەو ماوەیەی نێچیرڤان بارزانی ئەم کولتوورەی تێدا دروستکرد، تەنها ماوەکەی ٣ ساڵ بوو، وەک ماوە لەگەڵ ئەزموونی هیچ حکومەتێکی جیهاندا لە ئەمریکا تاژاپۆن لە سوید تا باشوری ئەفریقیا بوونی نەبووە**



زانی، ئەگەر بەویژدانەوە لەسەر ئەم هەڵوێستەی نێچیرڤان بارزانی و کابینەی پێنجەم هەڵوەستە بکەین، ئەوە دەبینین ئەو گۆرانکاریەی لە رووی سیاسی و سەقامگیری حکومڕانیەوە لەکوردستان دروستی کرد، هیچی لە کۆماری پێنجەمی فەرەنسا کەمتر نیە، کە بە ئاستێك شکۆی بۆ فەرنسا گێڕایەوە، لەرووی سیاسی و شکۆی نێودەوڵەتیەوە لەگەرمەی شەری ساردا پاریسی هاوتای واشنتۆن و موسکۆ کردەوە، هەروەك چۆن ئێستا هەولێر نەك هەر هاوتای بەغدا و تاران و دیمەشقە، بەڵکو لەرووی سیاسیەوە خەریکە دەبێتە دەستەخوشکی ئەنکارا لە روانگەی جیهانی دیموکراتیەوە.

-٢-

## ساڵی ئاوڕدانەوە لە گەرمیان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان

گەرمیانی لانەی شۆرش و قوربانیدا لەچەند ساڵی پێشوودا تەنها گرفتەکەی ئەوە نەبوو کە لانەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە، بەڵکو وێرای نەهامەتیەکانی وشکەساڵی گرفتێکی دیکەی گەورەتر بوو،کە ئەویش وشکە ساڵی بوو،لەم بارودۆخە دژوارەدا بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدیدێکی تایبەت بایەخ و گرنگی ئەم ناوچە پیرۆزەی کوردستان و خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی لەبەرچاو گرت،توانی لەو داهاتەی کە لەسامانی نەوتی کوردستان هاتبووە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بێجگە لەو بودجەیەی لە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەست دەکەوتن، بۆ ئەم دەڤەرە سەربەرزە دابین بکات، کە ئەم بڕیارەیە یەکەی نیشتەجێی بۆ زیاتر لە ١٥٠٠ خانەوادەوەی ئەنفالکراوەکان دابینکردو چەندین پرۆژەی گرنگی دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگاو بانەکان لە خۆیدەگرێت، ئەمە بێجگە لە دروستکردنی زانکۆی گەرمیان



نێچیرڤان بارزانی مۆدێلێکی تازەی و دەگمەنی حکومڕانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داهێنا




دروســـتکردنی زیاتر لە ٣٠ قوتابخانە لەو دەڤەرە،ئـــەم بایەخـــەی کابینەی پێنجەم بەم دەڤەرەی دا، وەك بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە شـــاهیدی بۆدەدەن، ئەگەر بڕی نیـــو ئەوەندەی دیکە واتە ١٠٠ ملیـــۆن دۆلاری دیکـــە بۆ ئەو دەڤـــەرە تەرخانبکرێت ئـــەوا دەتوانین بڵێین خەڵکـــە شۆڕشـــگێڕەکەی ئەو دەڤەرە لـــەو کەموکورتیانـــە رزگاریان دەبێت کە ئێستا بەدەســـتیەوە دەناڵێنن، بەڕێز نێچیرڤان بارزانـــی کە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەردیبناخەی قۆناخی دووەمی خانووەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی لەو دەڤەرە دانا، زۆر کـــەس و لایەن پێیان وابـــوو، نێچیرڤان بارزانی ئەم هەڵمەتە بۆ ئەوە دەکات کە خۆی لەســـەر کورسی حکوم بمێنێتەوە، بەڵام رەفتـــارە جوامێرەکانی نێچیرڤان بارزانی فێری کردین، نێچیرڤان بارزانی بەشـــداری هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکات لـــە پێناوی کامڵبوونـــی دیموکراتی و دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی نێوان حکومـــەت و هاولاتـــی و متمانـــەی هاولاتیان بـــە حکومەتی خۆیان ئەوجا هیـــچ گرنگ نیە کێ ســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـــی وەزیرانـــی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

ئێستا خەڵکی گەرمیان بە هاولاتیانی ئاسایی و بەرپرســـان و تەواوی ئەندام لایەنگیری هێزو لایەنە جیاوازەکانی ئەو دەڤەرە هەمـوو گەیشـــتوونەتە قەناعەت کـــە ئامانجـــی نێچیرڤـــان بارزانـــی خۆشـــگوزەرانی گەلەکـــەی خـــۆی بوو،ئامانجی نەهێشتی کەموکورتی و نەهامەتیەکانی کەســـوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان بـــوو، ئامانجی ئەوەبوو هەر تاکێکی کوردســـتان متمانەی بە حکومەتـــی خۆی بێـــت و حکومەتی کوردستان بە حکومەتی خۆی بزانێت.

-٣-

**ناردنە دەرەوەی نەوت کوردستانی خستە سەر نەخشەی وزەی جیهانی**


لـــە کابینـــەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و لەو رۆژەی کە بەڕێـــزی وەك ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنفراسی کوردو گەڕان بەدوای ناســـنامە لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن بانگهێش کرابوو، نێچیرڤان بارزانی هێندە لەوە ترســـابوو کە ســـەرچاوەی هەمـــوو نەهامەتی میللەتەکەی دەوڵەمەندیەتی بە سامانە سروشتیەکان،بۆیە ترسی ئەوەی هەبوو ســـامانی ئاوی کوردســـتانیش ببێتە فاکتەرێکی دیکـــە بۆ نەهامەتیەکانی کوردســـتان، هەر بۆیە لەو کۆنفرانســـە بە ئامادەبوانـــی راگەیاند، ولاتی ئێمە خاوەنی ســـەرچاوەیەکی سروشتی زۆر گرنگـــە کـــە ئەویش پەترۆڵـــە، بەڵام پەترۆل لەبـــری ئەوەی ببێتە فاکتەرێك بۆ خۆشـــگوزەرانی میللەتەکەمان بۆتە فاکتەرێك بـــۆ کاولکردنی ولاتەکەمان و دەربەدەربـــوون و کۆمەڵکـــوژی میللەتەکەمان، هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باســـی سامانی ئاوی کردو بە ئامادەبوانـــی راگەیاند : ئێمە ترســـی ئەوەمان هەیە سامانی ئاوەکەشمان ببێتە هۆکاری ئەوەی لە ئاوەکەدا بمانخنکێنن هەروەك چۆن بە نەوت سووتاندیانین.

ئـــەم مەترســـیەی بەڕێـــز نێچیرڤان بارزانی بۆ خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشـــتیەکانمان لەلایەن داگیرکەرانەوە وای لێکرد بۆ رێگەیەك بگەڕێت کە ئەم مەترسیانە بگۆڕێت بۆ خێرو بەرەکەتی

**نێچیرڤان ئەو گۆرانکاریەی لە رووی سیاسی و سەقامگیری حکومڕانیەوە لەکوردستان دروستی کرد، هیچی لە کۆماری پێنجەمی فەرەنسا کەمتر نیە، کە بە شکۆی فەرەنسا گێڕایەوە**



ڕەفتارە جوامێرەکانی نێچیرڤان بارزانی فێری کردین، نێچیرڤان بارزانی بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکات لە پێناوی کامڵبوونی دیموکراتی و دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوڵاتی و متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەتی خۆیان ئەوجا هیچ گرنگ نیە کێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



دانیشتوانەکەی و شکۆی کوردستان لە جیهاندا، هەر بۆیە دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق نێچیرڤان بارزانی لە دەسپێکی کابینەی پێنجەم بیری لەوە کردەوە کە دەبێت هەرێمی کوردستان یاسای تایبەتی خۆی بە ئاستی ستاندەری یاسای نەوت و گازی دەوڵەتانی پێشکەتوو لە جیهاندا هەبێت، هەروەها لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتی خۆی لە ناو ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەسەرۆکایەتی خۆی دامەزراند بۆ ئەوەی شەفافیەتی کارەکانی کۆنتراکتی دۆزینەوەی نەوت لە کوردستاندا بپارێزێت، گەورەترین تەحەدی کە لەم پرۆسە نیشتمانیەدا ڕووبەڕووی نێچیرڤان بارزانی بووەوە، ئەوە بوو ناحەزانی کوردستان لە ناو حکومەتی عێراق بە ئەنقەست و بەمەبەست ئاستەنگیان بۆ ئەم پرۆسە دروستدەکرد، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش ئەوانە زۆر کەمبوون کە لە هەستیاری ئەم پرۆسەیە و گرێدانی کۆنتراکتەکان لەگەڵ کۆمپانیا پەترۆلیەکانی جیهان تێبگەن،بۆیە لەسەرەتادا نێچیرڤان بارزانی ڕووبەڕووی گەورەترین تەحەدی ببۆوە، ئەوەی جێگەی رامان و سەرنج بوو، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەقی رەشنووسی یاسای نەوت و گازی کوردستانی لە ویبسایتی KRG بڵاو کردبۆوە و لە لەندەنیش کۆنفراسێکی بۆ زیاتر لە ٤٠ کۆمپانیای گەورەی نەوت و دەیان راوێژکاری یاسای بواری یاسای نەوت و گازی جیهان بانگێشت کردبوو، یاساکەی خستبووە بەردەستیان بۆئەوەی ئاستی یاساکە بگەیەننە ئاستی ستاندەری جیهانی، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو، لە سەرئاستی ناوخۆی کوردستان زۆر کەناڵی میدیایی و لایەنی سیاسیش دەهاتن قسەکانی کەسێکی وەك حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقیان بڵاودەکردەوە و دیمانەی تایبەتیان لەگەڵ شەهرستانی بۆ بێ بایەخکردنی یاسای نەوت وگازی کوردستان ئەنجامدەدا و ئامادە نەبوون تەنها ویبسایتی KRG بکەنەوە و جارێك یاسای نەوت و گازی کوردستان بخوێننەوە و رای خۆیانی لەسەر بڵێن،هەستیاری ئەم پرۆسە نیشتمانیەش وای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کردبوو لەئاستی ئەم شێواندنە بێدەنگی بکەن بۆ ئەوەی پرۆسەکە ببێتە ئەمری واقیع و بەسەرکەتوویی بگاتە مەنزل، بەراستی ئەو کەناڵە میدیاییانە زۆر کەم بوون کە لەو وتە کورتەی نێچیرڤان بارزانی تێدەگەیشتن کە دەیگووت ( ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بشمانەوێت لەم پرۆسەیەدا گەندەڵی بکەین ناتوانین بیکەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر گەندەڵی بکەین ناتوانین ڕووبەڕووی بەغدا ببینەوە)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەربەرزی بوو بۆ گەلی کوردستان ئەوەبوو حکومەتەکەی ئەم دەستکەوتانەی پێشکەش کرد:

١- نەوتی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە ٢٠٠٩/٦/١ نێردرایە دەرەوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە میللەتی خۆی راگەیاند بەرهەمی داهاتی کۆنتراکتەکانی پەترۆل ٥ ملیار دۆلار بووەو لەو ٥ ملیار دۆلارە تەنها ١ملیار دۆلاری لێ سەرفکراوە و (٤)ەکەی دیکەی دەکەوێتە بەردەستی کابینەی شەشەم بۆ ئەوەی بۆ خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی کوردستان خەرجی بکات.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو کتێبی پێشکەشی خەڵکی کوردستان کرد، یەکەمیان کتێبی سەرجەم ئەو کۆنتراکتانەی نەوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکان ئیمزای کردبوو، دووەمیان کتێبی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە شاهیدی گەورەترین زانکۆو شارەزاترین راوێژکاری یاسای نێودەوڵەتی و پسپۆر لەبواری یاسای نەوت و گازی لەسەر بوو، تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو، کە هیچ برگەیەکی یاسای نەوت و گازی کوردستان پێچەوانەی دەستووری عێراق نیە.



-٤-

## چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا

لەوانەیە خوێنەری ئەم راپۆرتە لێمان بپرسێت بۆچی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا وەك دەستکەوتێکی گەورەی کابینەی پێنجەم لە ساڵی ٢٠٠٩ لە قەڵەم دەدەن و باسی خزمەتگوزاریەکەی دیکە ناکەن کە پرۆژەکانی ئاوە؟ ئێمە لە وەڵامی ئەو خوێنەرانە دەڵێن چارەسەرکردنی کێشەی خزمەتگوزاریەکانی دیکە لەسەرو هەمووشیانەوە پرۆژەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بەشێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام دابینکردنی کارەبا بەشێکە لە وزەو پەیوەندی بە حکومەتی فیدرالی بەغداوە هەیە، سادەتر بیڵێین دروستکردنی پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە پێویستی بە رەزامەندی حکومەتی بەغدا نیە، بەڵام دانانی وێستگەیەکی کارەبا پێویستی بە رەزامەندی حکومەتی بەغدا هەیە،ئەم کێشەیە یەکێك بوو لەو کێشانەی کە چارەسەرکردنی تەنها ئەوە نەبوو چۆن وێستگەیەکی کارەبا لە کوردستان دادەمەزرێنین، بەڵکو گرفتی لەمە سەختتر ئەوە بوو چۆن بەبەردەوامی سەرچاوەی وزە بۆ ئیشپێکردنی ئەو وێستگەیە دابیندەکرێت،هەروەها چۆن ئەو وێستگە گەورەیەی کە پێویستە کە بتوانێت کارەبای شارێکی گەورەی وەك هەولێر دابینبکات لە ماوەیەکی کورتدا دروستدەکرێت و دەهێنرێتە کوردستان و خەڵك لە قەیرانی بێ کارەبایی رزگار دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا تەنها پێداویستی کارەبای هاوڵاتیان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٣ -٢٠٠٩ یەم بەرامبەر بە دە زیادی کردبوو، هەر بۆنموونەپێشتر هەردوو سەرچاوەی وزەی کارەبای دووکان و دەربەندیخان کە بری ٢٠٠-٢٥٠ میگاوات کارەبایان بەرهەمدەهێنا بەشی هەولێر و سلێمانی وگەرمیانی دەکرد، ئێستا بە تەنها پێداویستی هەولێر بۆ کارەبا زیاتر لە ٧٠٠ مێگاواتە، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەو ئاستەی کە پێداویستی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان پێویستی پێیەتی یەکێك بوو لەو هەنگاوانەی نەك هەر باری ژیانی خەڵکی کوردستانی گۆڕی، بەڵکو نێچیرڤان بارزانی سیمای شارەکانی کوردستانی گۆڕی و هەولێری بۆ ئاستی پایتەختێکی سەردەمیانە گواستەوەو وایکرد کە شەوو رۆژی هەولێر وەك یەکی لێ بێت و چیدیکە لە ئێوارەوە شارەکان چۆڵ نەبن و کەس نەتوانێت بێتە دەرەوە.



-٥-

## کردنەوەی کونسولخانەی دەوڵەتانی جیهان متمانەیەکی دیکەی نێو دەوڵەتی بوو بە هەرێمی کوردستان

وە نەبێت ماوەی ٣ ساڵی حکومڕانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتا سەقامگیر و ئارامی بووبێت، ئەو سەقامگیریە فاکتەرێك بووبێت بۆ هاندانی دەوڵەتانی جیهان بۆ ئەوەی کونسولخانەکانی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە،ئەگەر بە مێژووی چەند ساڵی رابردوودا بچینەوە دەبینین کەم رۆژ هەبووە دەوڵەتانی دراوسێ ئەوجا بە تۆپباران و لێدانی فرۆکە بووبێت، یان بەبەزاندنی سنوورەکانی هەرێم بوویت، دەستدرێژیان نەکردبێتە سەر هەرێمی کوردستان ئەمە بێجگە لە هەرەشە بەردەوامەکانی حکومەتی بەغدا کە هێندەی نەمابوو لە دەڤەری دیالە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ سوپای عێراق رووبەڕووبێتەوە، بۆیە ئەگەر بڵێین سەقامگیری کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەو حاڵەتە، ئەوە گومانی تێدانیە ئەو سەقامگیریە فاکتەرێکی گرنگ بووە، بەڵام لەو فاکتەرە گرنگتر رۆڵ و جوامێری نێچیرڤان بارزانی بوو، کە رێگەی نەدا گرژی و ئاڵۆزیە ئیقلیمی و ناوخۆیەکان باری ئاسایی هەرێم بشڵەژێنن و هەست بکرێت لەم دڤەرەدا ئاژاوە و کێشە هەیە، بۆیە لەو کاتەی فرۆکەکانی تورکیا گوندە ئاوەدانکراوەکانیان کاولدەکردینەوە، کاتێ

**نێچیرڤان بارزانی سیمای شارەکانی کوردستانی گۆڕی و هەولێری بۆ ئاستی پایتەختێکی سەردەمیانە گواستەوەو وایکرد کە شەوو رۆژی هەولێر وەک یەکی لێ بێت**



ئێران تۆپبارانی ناوچە سنورییەکانی دەکردین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەوڵەتانی جیهان کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر دەکردەوە، کە لە ناویاندا کونسوڵخانەی چەند دەوڵەتێکی تێدایە کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتین وەك کونسولخانەی کۆماری روسیای فیدرال و فەرەنسا، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئیدارەی سەرۆك ئۆباماش بەجدی هەڵوەستە لەسەر بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی کونگریس بکات و کۆنسولخانەی ئەمریکا لە هەولێر بکرێتەوە.

-٦-


## تەواوبوونی کارەسەرەکیەکانی فڕۆکەخانەی دووەمی نێو دەوڵەتی هەولێر

لە ساڵی ٢٠٠٤ کە بەردی بناخەی مەدرەجی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی یەکەمی هەولێر دانرا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد ئەو شوێنەی ئەم بەردی بناخەیەی لێ دادەنێین ئەو شوێنەیە کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا هاوڵاتیانی کوردستان لێی دەترسان، میللەتی ئێمە تەنها فڕۆکەی بینوە کە هاتووە گوند و شارەکانی کاولکردووە، لەمەودوا لەم شوێنەوە هاوڵاتیانی کوردستان بە فڕۆکە جیهان بە کوردستانەوە دەبەستنەوە، هەر بۆیە دوای تەواو بوونی فڕۆکەخانەی یەکەمی نێو دەوڵەتی کوردستان ویستگەیەکی بۆ دروست بوو بۆ ئەوەی راستەو خۆ بە جیهان ببە سترێتەوە و هاوڵاتیانی کوردستانیش ئەو خەونەیان بێتەدی لە وڵاتی خۆیانەوە بە فڕۆکە سەردانی دەوڵەتانی جیهان بکەن، بەڵام هەنگاوی لەمەگرنگتر کە گۆڕانکاری گەورەتر بەسەر کوردستان دەهێنێت، تەواوبوونی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دووەمی هەولێرە کە دەستکەوتێکی دیکەی هەوڵ و بەرنامەکانی نێچیرڤان بارزانیە و لە ساڵی ٢٠٠٩ کارەکانی تەواو بووە و چاوەڕێ دەکرێت لە چەند مانگێکی کەمی داهاتوودا ئەم فۆرکەخانەیە گەورەیە بەفەرمی بکرێتەوە کە یەکێکە لە فڕۆکەخانە گەورەکانی ناوچەکە و ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت نەك هەر تەنها کوردستان بەجیهانەوە ببەستێتەوە، بەڵکو ئومێد دەکرێت هەولێر رۆژهەڵاتی دوور و رۆژئاوا بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەروەها ئەم فڕۆکەخانەیە کە دەبێتە بەندەرێکی ئاسمانی بۆ فڕۆکەکانی کارگۆ بۆ ئەوەی هەموو پێداویستیەکانی کوردستان راستەوخۆ بگەنە کوردستان، بۆیە ئەم فڕۆکەخانەیە کوردستان لەو داخراویە رزگار دەکات و بەرووی هەمووجیهاندا دەیکاتەوە.

-٧-

## بوونی کوردستان بە وۆرک شۆپێکی گەورە

لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی تەمووزی رابردووی هەرێمی کوردستاندا وەك گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ بەڕێز هێرش موحەمەد سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازدا، لەو دیمانەیەدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئەوەی پێراگەیاندین لە دەستپێکی پرۆسەی وەبەرهێنان لە کابینەی پێنجەمدا ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك لەگەڵ وەبەرهێنەکان قسەمان دەکرد و لێیان دەپرسین چیتان پێویستە، پێمان دەگوتن هەموو شتێکمان پێویستە،ئەوان ئەم وەڵامەی ئێمەیان لا سەیر بوو، دەیانزانی ئێمە تەنها وڵاتی دوای شەڕین، نەیاندەزانی ئێمە وڵاتی دوای شەڕ و وڵاتێکی پشتگوێخراوین و هەرگیز پرۆژەیەکی گەورە لە وڵاتی ئێمە نەکراوە، هەر بۆ نموونە پێماندەوتن ئێمە فڕۆکە خانەمان نەبووە هەتا بڵێین لە ئاکامی شەڕ زیانی پێگەیشتووە وەرن بۆمان چاکبکەنەوە، ڕێگەی های





**نێچیرڤان بارزانی بوو، کە ڕێگەی نەدا گرژی و ئاڵۆزیە ئیقلیمی و ناوخۆیەکان باری ئاسایی هەرێم بشلەژێنن و هەست بکرێت لەم دەڤەرەدا ئاژاوە و کێشە هەیە**

وەیمان نەبووە بڵێین پردەکانی رووخاوە وەرن بۆ مان چاکبکەنەوە،دەیان هۆتیلی پینج ئەستێرەمان نەبووە هەتا بڵێین لەشەڕدا زیانی پێکەتووە وەرن بۆ مان چاکبکەنەوە، بۆیە هەرچیمان بۆ دەکەن ئێمە پێویستمانە، ئەگەر خوێنەرانی ئەم راپۆرتە زیرەکانە سەیری ئەم چەند دێڕە بکەین پێیان دەڵێین لە دەستپێکی کابینەی پێنجەمدا ئێمە نەماندەزانی چیمان دەوێت، بەڵام لە کۆتایی کابینەی پێنجەم و لە مانگی رابردوودا تەنها یەك پێشانگا لە هەولێر کراوەتەوە بە ناونیشانی (( پێشانگای شارەوانی و پیشەسازی )) لەم پێشانگایەدا زیاتر لە ٢٥٠ کۆمپانیا بەشداریان تیداکردووە لەسەرانسەری جیهان و تەنها پێداویستی بیناو کەلوپەلی کارەبایی و ئاویان تیا نمایش کردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە لەماوەی تەنها ٣ ساڵدا هێندە پرۆژە لە کوردستان ئەنجامدراوە و لە قۆناخی تەواو بووندان، کە ئێستا ٢٥٠ کۆمپانیا هاتووە پێداویستیەکانی تەواوکاری بیناکان تەواو بکەن، ئەم گۆڕانکاریە بەهەموو پێوانەیەك شتێکی دەگمەنە و سنووری پرۆژەی مارشاڵی بەزاندووە.

-٨-

## ٢٠٠٩ ساڵی ئومێد بوو بۆ ئایینده

ئەو چەند لایەنەی ئاماژەمان پێکردن بەشێکی کەم بەڵام گرنگی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون کە لەساڵی ٢٠٠٩ وەك دەستکەت سەرەتاکانیان دەرکەوتن، بەڵام بە دەیان و سەدان پرۆژەی دیکە هەن کە بەرهەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و ئێستا کابینەی شەشەم تەواویان دەکات و بە تەواوبوونیان ئاییندەیەکی گەشی خۆشگوزەران بۆ هەرێمی کوردستان دابیندەکات و ئومێد دەخوازین کابینەی شەشەم لە درێژە پێدانی کارەکانی کابینەی پێنجەم بەردەوام بێت تەواوکاری پرۆژەکانی بێت بۆ ئەوەی ئەو هەڵمەتەی لە کابینەی پێنجەم دەستی پێکرد لە کابینەی شەشەم بەرهەمەکەی ببینین.







**ساڵی ٢٠٠٤ کە بەردی بناخەی مەدرەجی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی یەکەمی هەولێر دانرا، بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد ئەو شوێنەی ئەم بەردی بناخەیەی لی دادەنێین ئەو شوێنەیە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا هاوڵاتیانی کوردستان لێی دەترسان، میللەتی ئێمە تەنها فرۆکەی بینوە کە هاتووە گوند و شارەکانی کاولکردووە، لەمەودوا لەم شوێنەوە هاوڵاتیانی کوردستان بە فرۆکە جیهان بە کوردستانەوە دەبەستنەوە**

# ئێران و عێراق: ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر و داگیرکردنی فەککە



**سامی شۆرش**
**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

یەك لە مەبەستە هەرە سەرەکییەکانی تاران لە داگیرکردنی کێڵگە نەوتییەکانی ئەلفەککەی عێراقی لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئەلعمارە، مەسەلەی فشار بردنە بۆ سەر حکومەتی عێراق هەتا لە ژێر فشار ڕازی بێت بەوەی دەقی ڕێککەوتننامە شوومەکەی ئەلجەزائیر (٦ ی ئاداری ١٩٧٥) وەك خۆی و بێ هیچ دەسکاری کردنێکی دەق و بەندەکانی جێبەجێبکرێت.

بێگومان نەك تەنیا ئەو ئامانجە، بەڵکو چەندین ئامانج و مەبەستی دیکەش لە پشتەوەی ئەو هەنگاوە سەربازییەی ئێرانن. دیارترینی ئەو ئامانجانە پەردەپۆش کردنی باری نالەباری ناوەخۆی ئێران و سەرقاڵ کردنی خەڵکەکەی کە ئێستا بەشێکیان خەریکی خۆپیشاندانن لە شەقامەکانی تاران، بەو گرفتە سنوورییەی دروست کراوە لە گەڵ عێراق. بەڵام، پێدەچێت مەسەلەی فشار بردن بۆ سەر حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر گەورەترین ئامانج و مەبەست پێك بهێنێت لەو ئەجێندایەی ئێران کە تایبەتە بە داگیرکردنی ئەلفەککە.

دیارە عێراق لە ساڵی ڕابردوودا کەوتە باسی ئەوەی کە ڕێککەوتننامەکە بەو دەقەی کە لە ١٩٧٥ دا لە نێوان صەدام حسین و محەممەد ڕەزا شادا ئیمزا کراوە جێبەجێنەکرێت.

مەعلوومە، پێش دوو هەفتە، وەزیری دەرەوەی عێراق هوشیار زێباری ئاشکرای کرد کە تاران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوای لە حکومەتی عێراق کردووە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر، بە دەقەکەی خۆی و بێ هیچ دەسکاری کردنێك، بخرێتە باری جێبەجێکردنەوە.

بەڵام عێراقییەکان لەو بەرامبەرەدا خوازیاری ئەوەن ڕێککەوتننامە شوومە کە سەر لە نوێ چاوی پێدابگیرێدرێتەوەو کەموکورتی و زوڵم و ئەستەمەکانی لێ لاببرێت بە تایبەتی لە بواری سنووری سەرزەمینی و سنووری شەتولعەرەب، ئینجا وەك ڕێککەوتننامەیەکی بەلانس کراو جێبەجێبکرێت. شایەنی گوتنە، ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر کە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان صەدام و شادا، هەروەها بە ناوبژیوانیی سەرۆکی ئەوسای ئەلجەزائیر هەواری بۆمدیەن مۆر کرا، کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی و ستراتیژی لە پشتەوە بوو. گەورەترین سێ ئامانجی ئەو ڕێککەوتننامە شوومە ئەمانەی خوارەوە بوون:

یەکەم: تەفروتونا کردن و لەناو بردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کورد بە سەرۆکایەتی باوکی ڕووحیی مستەفا بارزانی کە لە قۆناغی ساڵی ١٩٧٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دا دەستی کرد بوو بەوەی وەك حەقیقەتێکی ڕەونەقدارو کاریگەر لە بواری سیاسی و سەربازیدا خۆی بنوێنێت و فشارێکی ئەوتۆ بۆ سەر حکومەتی بەغدا ببات کە ئیتر حکومەتی بەعس لە لێواری ڕووخان نزیك بکاتەوە.

لەم بوارەدا، ئێران کە پێش ٣٠ ساڵ لە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەکە، کۆماری کوردستانی لە مەهاباد لە خڵتانی خوێن وەردا بوو، چاوی لەوە بوو کوردی عێراقیش بە هەمان دەرد ببات. پێی وابوو هەر سەرکەوتنێکی کورد لە چیاکانی کوردستانی عێراق ئاگری شۆڕش و ناڕەزایی و هەستی نەتەوەیی لە ناو خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتیشدا زیاتر کڵپە پێ دەدات. بۆیە، هەر کە بینیی ئەوا کورد لە ژێر ئاڵای بارزانیی نەمردا، خەریکە دەگاتە لێواری سەرکەوتن، بە پەلە ڕووی لەوە کرد لەگەڵ بەغدا پێك بێت و نەهێڵێت شۆڕشی کورد کەڵك لەو درزەی نێوان تاران و بەغدا وەربگرێت.

دووەم: تێکدانی هاوپەیمانێتیی نێوان مۆسکۆ و بەغدا. مەعلوومە، هەر لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە، سۆڤیەت وەك دەوڵەتێکی گەورەی ناو سیستەمی دوو جەمسەریی جیهان خۆی دەنواند. لە چەندین لاوە مۆسکۆ خەریکی هەڵکشان بوو بەرەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران یەك لەو دەوڵەتانە بوو کە بەربەستێکی گرنگ و ستراتیژی پێك هێنا بوو لەبەردەم هەڵکشانی سۆڤیەت بەرەو ئاوی کەنداو. بۆیە ئەمریکاو ئەورووپا نەیاندەویست بە هیچ شێوەیەك پێگەی لە ناوچەکەدا لاواز بێت. بەڵام کێشەکە لەوە بوو سۆڤیەت نەك ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سنوورەکەی خۆیەوە دەیویست دزەی ناو ئێران بکات، بەڵکو لە ڕێگەی چەند دەوڵەتێکی

ناوچەکەوە. عێراق یەك لەو دەوڵەتانە بوو کە تاران لە سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ دەترسا.

بۆیە، تاران بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا بەغدا لە ڕێبازی سۆڤیەت دوور بخاتەوە بەتایبەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢ دا ڕێککەوتننامەیەکی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت مۆر کرد بوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە جگە لە هاوکاریی ئابووری چەندین بڕگەی تێدا بوو لە بارەی هاوکاریی سیاسی و سەربازیشەوە. سەرباری ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەغدا هەر لەو ساڵەدا دانی بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی نابوو. بگرە، پەیوەندییەکی گەرمیشی لەگەڵ دروست کرد بوو. لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیرەوە، ئیتر ئێران زەمانەتی ئەوەی دابوو بە بەغدا کە ڕێگە لە شۆڕشی کورد بگرێت و یارمەتیی بەغدا بدات بۆ لە ناو بردنی. لەو بەرامبەرەشدا عێراق پەیمانی ئەوەی دا بوو بە تاران کە واز لە سۆڤیەت و ڕێبازو دۆستەکانی بهێنێت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەرەی ئەمریکا و ئێران دروست بکات.

سێیەم: وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیرەوە عێراق تەنازولی لە دەیان کیلۆمەتر لە ناوچە سنوورییەکان بۆ ئێران کرد بەتایبەتی لە ناوچەی ئەلبەسرەو ئەلعمارەو دیالا و حاجی ئۆمەران. هەروەها لە شەتولعەرەبیش ئیتر هێڵی سنووری کرایە خەتی تالوەك وەك ئێران دەیویست. خەتی تالوەك، خەتی قووڵایی شەتولعەرەبە. دەستنیشانکردنی ئەو خەتە وەك تیغی سنوور، مەعنای وایە زۆربەی پانتاییە ئاویەکەی شەتولعەرەب بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە دەست ئێران. ئێران دەمێك بوو خەونی بەو دەسکەوتە جوگرافیانە دەبینی و هەوڵی دەدا دەستیان بخات. کاتی خۆی سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری ئەلسەعید لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئامادە نەبوو دەست لەو ناوچانە هەڵبگرێت بۆ ئێران، بەڵام صەدام بێ هیچ دوودڵییەك دەستی لێیان هەڵگرت و پێشکەشی شای کردن. دواتر شا محەممەد ڕەزا لە دیدارێکدا ڕایگەیاند کە صەدام هەموو ئەو شتانەی بۆ مسۆگەر کرد کە ماوەیەکی درێژ بوو خەونی پێیانەوە دەبینی.

بە هەر حاڵ، ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر لەبەر کۆمەڵێك هۆ نەخرایە باری جێبەجێکردنەوە. سەرەتا عێراق بەهانەی ئەوەی هەبوو کە هەتا لە تەوەری سۆڤیەت دانەبڕێت ناتوانێت ڕێککەوتننامەکە جێبەجێبکات. دواتر شۆڕشی گوڵانی کوردستان هەڵگیرسایەوەو خەریك بوو هەموو ئەو تەماحانەی عێراقی دەدا بە دەم ئاوەوە کە لە پێناویدا ڕێککەوتننامەکەی مۆر کرد بوو. ئینجا زۆری نەبرد ڕژێمی شا ڕووخاو دواتر شەڕی ئێران و عێراقی هات بەسەردا ساڵی ١٩٨٠. دیارە صەدام لە ساڵانی شەڕدا ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیری بە یەك لایەن هەڵوەشاندەوەو ئینجا شەڕەکەش هەشت ساڵی خایاند. دواتر، عێراق کوێتی داگیر کرد و پاشان ناچار بوو سەر لە نوێ دان بە ڕێککەوتننامەکە بنێت. بەڵام بە هۆی سزای نێودەوڵەتی نەتوانرا دەقەکانی بە شێوەیەکی فەرمی جێبەجێ بکرێت. تا ئەوە بوو ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕووخا بە هۆی شەڕی ئازاد کردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو بریتانیاوە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، تاران کەوتە داواکردنی ئەوەی کە دەبێت ڕێککەوتننامەکە بخرێتە مەیدانی جێبەجێ کردنەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوون، تاران هیچی ئەوتۆی پێ نەدەکرا. بگرە بەشێکی زۆری شیعەی عێراقیش کەوتبوونە ئەوەی کە ناکرێت ڕێککەوتننامەکە وەك خۆی جێبەجێبکرێت، بەڵکو پێویستە بەر لە جێبەجێ کردن چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە.

ئێستا، دوای ئەوەی ئەمریکییەکان ڕایانگەیاند کە لە مانگی ئابی داهاتوودا دەست بە کێشانەوەی هێزە سەربازییەکانیان دەکەن و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هیچ سەربازێکیان لەسەر خاکی عێراق نامێنێت، ئێران کەوتەوە خەیاڵی ئەوەی کە مەسەلەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر بهێنێتەوە گۆڕێ. هەڵەی گەورەی تاران لەم بوارەدا ئەوە بوو کە لە جیاتی باس کردنی ئەو مەسەلەیە لە ڕێگەی دیپلۆماسی و سیاسی و دایەلۆگ، ڕووی کردە داگیرکردنی سەربازی. یەکەم هەنگاویشی لەم بوارەدا داگیرکردنی بیرە نەوتییەکانی ناوچەی ئەلفەککە بوو.

تا ئێستا سوپای ئێران بە شێوەیەکی تەواو لە بیرە نەوتییەکانی ئەلفەککە نەکشاوەتەوە. ڕاستە چەند بیرێکی چۆڵ کردووە، بەڵام بیری ژمارە چوار هێشتا لەبەر دەستیایەتی. بۆیە، هێشتا دەرفەت زۆرە بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکومەتی عێراق و هێزە سیاسییەکانی بە ڕاشکاوی بکەونە داوا کردنی ئەوەی کە پێویستە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو هەموو لایەن و پێکهاتەکانی عێراق لەو چاو پێداخشاندنەوەیە بەشدار بن. ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر زوڵمێکی زۆری بە هەموو گەلانی عێراق گەیاند بەتایبەتی بە کورد. بۆیە، ئەستەمە ڕێگە بدرێت ڕێککەوتننامەکە بێ دەسکاری کردن جێبەجێ بکرێت. لەم بوارەدا، نە گەلانی ئێران ئیمزاو پاشماوەکانی محەممەد ڕەزا شایان قبوڵە و نە گەلانی عێراقیش ئیمزاو ڕێککەوتننامەو پاشماوەکانی صەدام حوسێنیان قبوڵە. بۆیە، لە پێناو دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی پڕ هاوکاری و دۆستایەتی و دراوسێتی لەگەڵ ئێران، هەق وایە هەردوو دەوڵەت، ئێران و عێراق، واز لە زمانی شەڕو هەڕەشە بهێنن و هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دایەلۆگ و سیاسەتەوە ئەو کێشە گرنگەی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر چارەسەر بکەن و ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرن کە چاکترین ڕێگە بۆ جێبەجێ کردنی چاو گێڕانەوەیە بە بەندو دێڕە ژەهراوییەکانی.

**هەڵەی گەورەی تاران لەم بوارەدا ئەوە بوو کە لە جیاتی باس کردنی ئەو مەسەلەیە لە ڕێگەی دیپلۆماسی و سیاسی و دایەلۆگ، ڕووی کردە داگیرکردنی سەربازی**

**یەک لە مەبەستە هەرە سەرەکییەکانی تاران لە داگیرکردنی کێڵگە نەوتییەکانی ئەلفەککەی عێراقی فشار بردنە بۆ سەر حکومەتی عێراق هەتا لە ژێر فشار رازی بێت بەوەی دەقی ڕێککەوتننامە شوومەکەی ئەلجەزائیر**



# ئۆباما
# دیاردەیەکی جیهانی ٢٠٠٩

بوونی باراك حوسێن ئۆباما هاوڵاتییەکی بەرەگەز کینیی بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەمەریکادا، بەیەکێکە لەدیاردە دیارەکانی جیهان و زیاد لەمەش گۆڕانێکی لە سیاسەتی ئەمەریکادا دروستکردووە، کە خەریکە ئەمەریکا دەباتە سەردەمێکی نوێ. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دیاردە گرنگەی ساڵی ٢٠٠٩ چەند پسپۆڕێك لەجیهاندا تایبەت بۆ گوڵان هاتنە ئاخاوتن کە ئەمە دەقی قسەکانیانە.

لانە کینۆرسی بۆ گوڵان:

# سیاسەتی نەرمی ئۆباما سەرکەوتووە و چاوەڕێی سەرکەوتنی زیاتری لێدەکرێت

*** گرنگترین دیاردەی ساڵی ٢٠٠٩ لە جیهاندا بوونی باراك ئۆباما بوو بەسەرۆکی ئەمەریکا، ئایا ئەم دیاردەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەمەریکا هەبوو؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کارەکانی ئیدارەی ئۆباماوە هەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەوا کاری لەسەر سێ پرسی سەرەکی کردووە، یەکەمیان ڕووبەڕوونەوەی ئەو قەیرانە داراییەی سەریهەڵدا، کە لەم ڕووەوە هەڵسا بە دارشتنی پلانی بوژاندنەوە و چالاککردنەوەی ئابووری وڵاتەکەوە کە توانیتی بە خێرایی ئەم پلان و یاسایە تێپەڕێنێت، دووەم کارکردن بۆ هەمووارکردن و ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستەمی داراییدا بۆ ئەوەی بتوانرێت لەسەر ئاستی دوورمەودادا سەقامگیری و جێگیرییەکی دارایی بخولقێنرێت، خاڵی سێیەم پرسی چاودێری تەندروستییە کە تا ئێستا نەتوانراوە لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا تێپەڕێنرێت و پەسەند بکرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی دەرەوە یان بواری نێودەوڵەتییەوە ئەوا ئۆباما هەوڵیدا ئەم پەیامە بە جیهان بگەیەنێت کە سیاسەتی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جیاوازە و ئەمەریکا ئامادەیە بە هاوکارکردن لەگەڵ وڵات و لایەنەکانی دیکەدا کۆشش بۆچارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکانی جیهان بدات.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم متمانەیە دەگاتە ئاستی ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبێت ئەمەریکا دەتوانێت هاوکاریان بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- بە پێی ئەو هەواڵ و شیکردنەوانەی لە ڕۆژنامەکاندا خوێندومەتەوە ئەوا ڕاستە بەرەوپێشچوون هەیە، بەڵام هێشتا گومانێکی زۆر هەیە لەئاست ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لەبەر ئەوە من بە حەزەرەوە گەشبینم لەم ڕووەوە و هێشتا گومانێکی زۆر بەدی دەکەم لە لایەن ئەم وڵاتانەوە لە ئاست ئەمەریکادا.

*** ئۆباما خۆی وا پیشانی جیهان دەدات کە بڕوای بە هێزی سەربازی نییە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام لە ئەفغانستان هێزە سەربازییەکانی زیاتر دەکات، ئایا ئەمە پێچەوانەی گوتارەکانی نییە؟**



●●●

**لانە کینۆرسی ئوستادی زانستی سیاسەت و سیسۆلۆژییە لە زانکۆی ئەریزۆناو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی کۆمەڵایەتی ئەمەریکا و ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری لە جیهاندا، لەبەر ئەوەی ئەم دووخاڵە گرنگترین دوو خاڵی بەرنامەی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکابوون لە ٢٠٠٩ پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر کینۆرسی کرد بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

●●●

- من کەسێکی شارەزانیم لەم بوارەدا، تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە هۆکاری ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا ڕێگاچارەی سەربازی بە بەشێك لە چارەسەر دەزانێت لەو وڵاتەدا بۆ هەلومەرجی تایبەتی و بۆ دۆخی تایبەتی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە.

*** ئایا هەڵوێست و تیڕوانینی ڕای گشتی ئەمەریکا چییە لە ئاست عێراق لەم ساتەوەختەدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کشانەوەی هێزەکانەوە هەبێت، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی ئەفغانستانەوە هەبێت؟**

- هۆکاری ئەوەی کە دارشتن و گەڵاڵەکردنی ستراتیجییەتێکی نوێ لە ئاست ئەفغانستاندا ماوەیەکی زۆری خایاند لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە بۆ دابەشبوونی ڕای گشتی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە لە ئاست ئەم پرسەدا، واتە دابەشبونێك هەیە لە ناو ڕای گشتی ئەمەریکا دەربارەی گونجاوترین و دروسترین ستراتیجییەت و ڕێگاچارە بۆ ئەوەی لەو وڵاتەدا بگیرێتەبەر. لەبەر ئەوەی بەشێك لە خەڵکی ئەمەریکا پێیان وایە وانەی سەرەکی لە ئەزموونی عێراقدا ئەوەیە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ڕێگاچارەنییە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان بە بەراودر بە قوربانیانەی کە دەبێت ئەمەریکییەکان لەم پێناوەدا بیدەن، لە لایەکی دیکەوە بەشێکی دیکەی ڕای گشتی باوەڕیان وایە گۆڕینی ستراتیجییەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هۆکارێك بوو بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە کە دەکرێت هەمان سیناریۆ لە ئەفغانستانیشدا دووبارە بکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە کەسانێکیش هەن باوەڕیان وایە عێراق و ئەفغانستان دوو ئەزموونی جیاوازن و ناکرێت ئەزموونی هیچ وڵاتێکیان لە وڵاتەکەی دیکەدا دووبارە بکرێتەوە.

*** تا چ ڕاددەیەك ساڵی ٢٠١٠ دەبێتە ساڵی سەرکەوتنی سیاسەتی هێزی نەرم؟ یاخود ئایا هیچ پێشبینیەکی دیاری کراوت هەیە لە ئاست سیاسەتی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوودا؟**

- پێشبینیکردن کارێکی مەترسیدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەمە سیاسەتێکی ڕاست و دروستە بۆ ئەوەی بگیرێتەبەر و من ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەکەم لەم ئەرکەدا، هەرچەندە ناتوانین دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە لە ماوەی ساڵێکدا هەڵسەنگێنین، بەڵام من متمانەی تەواوم هەیە کە لە مەودای دووردا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوو ئەوە دیاری دەکەن کە سیاسەتێکی سەرکەوتوو دەبێت یان نا لە مەودای نزیکدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من ئومێدی پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی بەردەوامتان بۆ دەخوام و هیوادارم لە ئەرکی هێنانەدی سەقامگیری سیاسی و ئابووریدا سەرکەوتووبن.

**سیاسەتی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جیاوازە و ئەمەریکا ئامادەیە بە هاوکارکردن لەگەڵ وڵات و لایەنەکانی دیکەدا کۆشش بۆچارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکانی جیهان بدات**

**وانەی سەرەکی لە ئەزموونی عێراقدا ئەوەیە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ڕێگاچارەنییە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان بە بەراودر بە قوربانیانەی کە دەبێت ئەمەریکییەکان لەم پێناوەدا بیدەن**

# نابێت سەرۆک ئۆباما گرنگی هەرێمی کوردستان لەبیر بکات

*** چۆن بارودۆخی سیاسی جیهان لەساڵی ٢٠٠٩دا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هاتنی سەرۆكی نوێی ئەمەریكا دیاردەیەكی جێی سەرنج بوو، كە كاریگەری هەبوو لەسەر وێنەی ئەمەریكا و وتێروانینی جیهان لە ئاست ئەمەریكادا، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت ئەوا خەڵكی پتر چاوەڕوانی كردار و گۆڕانكاری دەكەن لەسەر ئەرزی واقیع نەك تەنها لێدوان و گووتاردان، هەرئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و روسیا و پاكستان كاریگەرییەكە بەو شێوەیە نییە كە لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا هەستی پێدەكرێت.

*** لە ساڵی ٢٠٠٩دا جیهان شایەتی گۆڕانێكی مەزن بوو، ئەویش لە بوونی باراك ئۆبامادا بە سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەرجەستەبوو، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەو گۆڕانكارییانە چی بوون كە ئۆباما هێنایانە ئاراوە؟**

- لە راستیدا بوونی ئۆباما بە سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خۆی لە خۆیدا گۆڕانێكی گەورە بوو بۆ ئەمەریكا، لەبەر ئەوەی ئۆباما كەسێكی ئەمریكییە كە ئەسڵێكی ئەفریقی هەیە و باوكی كینیە و ناویشی باراك حوسێن ئۆبامایە كە ئەمەش جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ ناوی سەرۆكەكانی دیكەدا، كەواتە دەتوانین ئەگەر لە رووی رەمزیشەوە بێت جیاوازی و گۆڕانێكی گەورە ببینین. دواتر ئۆباما هەوڵیدا لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا خۆی لە رەفتار و گرتنەبەری سیاسەتی یەكلایەنە دووربخاتەوە، لە هەمان كاتدا گووتارێكی كاریگەر و هەژێنەری دا لە قاهیرە كە بووەهۆی دروستكردنی ئومێد لە دڵی چەندین خەڵكدا، بەڵام دەبێت بە حەزەری بین لەم رووەوە و ئاستی چاوەڕوانی خەڵك

هاتنی سەرۆكی نوێی ئەمەریكا دیاردەیەكی جێی سەرنج بوو، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت ئەوا خەڵكی پتر چاوەڕوانی كردار و گۆڕانكاری دەكەن لەسەر ئەرزی واقیع نەك تەنها لێدوان



پرۆفیسۆر پیرندۆن ئۆكۆنور ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی سیدنی بەرپۆبەری دیراسەتەكانی ئەمەریكایە لە زانكۆی ناوبراو، پسپۆڕو تایبەتمەندە لەبواری سیاسەتی خۆشگوزەرانی لە ئەمەریكا و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا و پەیوەندییەكانی نێوان ئەمەریكاو ئوستراڵیا، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم لایەنە گرنگانەی سیاسەتی ئۆباما پرۆفیسۆر ئۆكۆنور بەمجۆرە بۆ گولان هاتە ئاخاوتن.

بە چەشنێك بەزرنەكەینەوە كە دواتر ببێتەهۆی نائومێدبوونیان.

*** ئێمە دەزانین سیاسەتی هێزی نەرمی ئۆباما بۆتەهۆی ئەوەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە متمانە بە رۆڵی ئەمەریكا بكەنەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم متمانەیە دەگاتە ئاستی ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبێت ئەمەریكا دەتوانێت هاوكاریان بكات لە چارەسەركردنی كێشەكانیاندا بە شێوەیەكی ئاشتیانە؟**

- زەحمەتە بتوانین ئەمە بڵێین، مەبەستم ئەوەیە راستە ئەمەریكا بانگەشەی پیادەكردنی هێزی نەرم و گرتنەبەری سیاسەتی گفتوگۆی چەند قۆڵی دەكات، بەڵام من دڵنیام نیم كە بە چ شێوەیەك ئەمەریكا ئەم كارە دەكات، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ژمارەیەكی گەورەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدان، بە هەمان شێوە ژمارەی هێزەكانی ئەمەریكا لە ئەفغانستاندا بۆ دوو ئەوەندە زیاد دەكرێت، هێشتا وەزیری بەرگری ئیدارەكەی جۆرج بۆش لە پۆستەكەیدا بەردەوامە، كە من پێم وایە ئەمە دروستكردنی هاوسەنگییەكە لە نێوان هێزی نەرم و هێزی رەقدا یاخود تێكەڵكردنیانە، بەڵام ناتوانین بڵێین گۆڕینی سیاسەتە لە گرتنەبەری هێزی رەقەوە بۆ بەكارهێنانی هێزی نەرم.

*** ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە باراك ئۆباما تەنها لە ئەفغانستاندا باوەڕی بە بەكارهێنانی هێزی سەربازی هەیە، بۆ نموونە تەنانەت لەگەڵ ئێرانیشدا پشتگیری لە گرتنەبەری رێگای گفتوگۆ دەكات، بۆچی ئۆباما پێداگیری لەسەر رێگاچارەی سەربازی دەكات لە ئەفغانستاندا؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە، بەڵام من پێم وایە دەبێت لە سروشت و پێكهاتەی ئەو دوژمنە بڕوانین كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە ئەفغانستاندا رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش رێكخراوی تیرۆریستی ئەل قاعیدەیە، لەبەر ئەوەی ئەم رێكخراوە ئامادەی تێدانییە بۆ گرتنەبەری رێگاچارەی گفتوگۆ و دانوستاندن و تاكە ئامرازێك كە بیگرێتەبەر پەنابردنە بۆ كاری توندوتیژی و تیرۆریستی، كە ئێمە دەزانین هەر ئەم كارە تیرۆریستیانەبوو كە ساڵی ٢٠٠١دا ئەمەریكای پەلكێشكرد بۆ ئەفغانستان

بــۆ شــەڕکردن و ڕووبەڕووبوونــەوەی ئەو گرووپانە، ڕاســتە دەبێت لە ئەفغانستاندا بایەخ بە ئاوەدانکردنەوە و دروســتکردنی توانای خەڵکــی ئەو وڵاتە بدرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویســت بە درێژەپێدانی چالاکییــە ســەربازییەکانیش دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرووپانەی بوونەتە سەرچاوەی تیرۆر.

*** ئیدارەی ئۆباما هەمــوو هەوڵەکانی تەرخانکــردووە بۆ ئــەوەی عێراقییەکان لێکنزیــك بکاتەوە تاوەکــو بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێــك بــۆ چارەســەرکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، ئەمە لە کاتێکدا هەوڵی کشاندنەوەی هێزەکانی دەدات لەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویســت ناکات هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر لــە عێراقدا بمێننەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکانی وڵاتەکە بدۆزرێتەوە؟**

- باراك ئۆباما لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەسەر ئەو بناغەیــە دەنگیپێدرا و هەڵبژێدرا کە هەڵدەســتێت بە کشــاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقــدا، کە ئەو کاتە ئەو ڕوون بوو ئۆباما لە دڵەوە باوەڕی بەو ڕەوت و سیاسەتە نەبوو کە ئەمەریکا لە عێراقدا گرتویەتیەبەر، هەرچەندە وردەکارییەکانی ئەو کشانەوە لەو ڕێککەوتنەدا دیاری کراوە کە خشتەی پاشەکشــەکە لەخۆدەگرێت، لە لایەکی دیکەوە کشــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لایەنێکی ئابووریشی هەیە، لەبەر ئەوەی تێوەگلانی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراقدا بارگرانییەکی زۆری بۆ ئابووری ئەمەریکا دروستکردووە کە لە کاتی پلاندانان یاخود دانانی بودجەدا ئەم خاڵەش لەبەرچاوگیراوە کە ئەم کشانەوەیە لە ڕووی داراییــەوە کاریگەری ئیجابی لێدەکەوێتەوە.

*** هەرێمی کوردســتان بەشێکی ئارام و ســەقامگیری عێراقە، کە توانیویەتی لە ماوەی ١٨ ســاڵی ڕابردوودا کەشــێکی سیاســی ســەقامگیری لە هەرێمەکەدا بهێنێتەدی، پرســیارەکە ئەوەیــە ئایا تا چ ڕاددەیــەك بــاراك ئۆبامــا بایەخ بە هێشــتنەوەی ئەم بەشــەی عێراق دەدات وەك هەرێمێکــی ئارام و ســەقامگیر و دیموکرات؟**

- مــن پێم وایە نابێــت ئۆباما بایەخ و گرنگی هەرێمی کوردستان لەبیربکات، لەبــەر ئەوەی هەر کەســێك خوازیاری پەرەپێدانی دیموکراسی، ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە دەبێت بایەخ بە هەرێمی کوردستان بدات کە من پێم وایە حاڵی حازر لە جیهانیشدا ئەوە بێردن ئاشــکرایە کــە کوردەکان لە ڕابــردوودا ڕووبەڕووی چ مامەڵەیەکی خــراپ بونەتــەوە. لەبەر ئــەوە دەبێت دوای کشــانەوەی هێزەکانی گرنگی بە پاراستنی کەمینەکان بدرێت بە تایبەتی کوردەکان، گرنگی بە ئارامی و ئابووری ئەو هەرێمە بدرێت، هەرچەندە من دەزانم لە سیاســەتدا ئەم زەمانانە لە ئارادانین، بەڵام من هیــوادارم کە ئیدارەی ئۆباما ئەم کارانە ئەنجامبدات.

*** چۆن ڕۆڵی کوردەکان هەڵدەسەنگێنیت لــە هاوکاریکردنیان لەگەڵ ئەمەریکا و لە هاوکاریکردنیــان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بــۆ پاراســتنی ئارامی و ســەقامگیری وڵاتەکە، بــە تایبەتی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا؟**

- دەتوانــم ئەوەندە بڵێم ئەوەی پەیوەندی بە کێشــەی کوردەکانــەوە هەبێت ئەوا بەرزبوونــەوەی ئاســتی هۆشــیاری ڕای گشــتی وڵاتانــی جیهــان بۆتە هۆی هەڵکشــانی هاوســۆزی لەگەڵ کوردەکاندا.



**ڕاستە ئەمەریکا بانگەشەی پیادەکردنی هێزی نەرم و گرتنەبەری سیاسەتی گفتوگۆی چەند قۆڵی دەکات، بەڵام من دڵنیام نیم کە بە چ شێوەیەک ئەمەریکا ئەم کارە دەکات**

**دەبێت دوای کشانەوەی هێزەکانی گرنگی بە پاراستنی کەمینەکان بدرێت بە تایبەتی کوردەکان، گرنگی بە ئارامی و ئابووری ئەو هەرێمە بدرێت، هەرچەندە من دەزانم لە سیاسەتدا ئەم زەمانانە لە ئارادانین، بەڵام من هیوادارم کە ئیدارەی ئۆباما ئەم کارانە ئەنجامبدات**

رۆناڵد لیبی بۆ گوڵان:

# هەرێمی کوردستان چیرۆکی سەرکەوتنێکی گەورەیە، هەرچەندە هێشتا کێشەی گەورە لە ئارادان و چارەسەرنەکراون

من پێم وانییە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێی دڵنیایی بن بۆ وڵاتانی ناوچەکە

*** چۆن کەشی سیاسی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٩دا وەسفدەکەیت؟**

- من پێم وایە کەشێکی ناجێگیر و نادیاربوو، لەبەر ئەوەی باقی بەشەکەی دیکەی جیهان سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ئۆباما بوون و نەیاندەزانی بە چ ئاڕاستەیەکدا کاردەکات بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشە و پرسە گەورەکانەوە هەبێت.

*** کەواتە هۆکاری هەڵبژاردنی باراك ئۆباما بۆ سەرۆکی ئەمەریکا چی بوو؟**

- لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئۆباما بۆ بەڵێنەکانی دەگەڕایەوە بە پێچەوانەکردنەوە و گۆڕینی سیاسەتەکانی ئیدارەی پێشوو، بەڵام لەو کاتەدا ڕوون نەبوو کە دەقا و دەق چ سیاسەتێك پێچەوانەدەکاتەوە و چ بەدیلێکی دیکە دەخاتەڕوو.

*** ئایا پێتوایە ئۆباما بە کردەوە دەتوانێت سیاسیەتێکی جیاواز لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا پیادە بکات و متمانە دروست بکاتەوە؟**

- من پێم وانییە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێی دڵنیایی بن بۆ وڵاتانی ناوچەکە، واتە هێشتا ئەو وڵاتانە نیگەرانن و ئەو ڕاستییەیان لێ ڕوون نییە کە گۆڕانکارییەکانی ئیدارەی ئێستا چین، لەبەر ئەوەی درێژەپێدانی هەمان سیاسەت و ڕێڕەوی ئیدارەی پێشو دەبینن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی سەربازیی وڵاتەکەوە هەبێت کە هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە و هێشتا ڕۆبەرت گەیتس بەڕێوەی دەبات، ڕاستە لە ووتارەکانیدا، یاخود لە ڕووی خیتاب و بانگەشەوە وادەرکەوت گۆڕانکاری بکات، بەڵام من دڵنیانیم ئایا خەڵکی بە ڕاستی هەست بەو جیاوازییە دەکەن یان نا، هەروەها ئەل قاعیدەش ڕایگەیاند کە سیاسەتی ئەمەریکا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.



●●●

**پرۆفیسۆر رۆناڵد لیبی ئوستادی زانستی سیاسیە لە زانکۆی نۆرس فلۆریدا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی دوای هاتنی ئۆباما لەسیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان هاتوونە ئاراوە پرۆفیسۆر لیبی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

●●●

*** باراك ئۆباما تەنها لە ئەفغانستاندا باوەڕی بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەیە، بۆ نموونە تەنانەت لەگەڵ ئێرانیشدا پشتگیری لە گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆ دەکات، بۆچی ئۆباما پێداگیری لەسەر ڕێگاچارەی سەربازی دەکات لە ئەفغانستاندا؟**

- ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ووتار و کردەوەکانی لەگەڵ یەکدا یەکناگرنەوە، هەروەها ئەو هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاند پشتگیری لە بەشداری پێکردنی لایەنە جیاوازەکان دەکات لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی جیهان لەگەڵ ڕژێمە گۆشەگیرەکانی وەك ئێران و فەنزویلا و کۆریای باکووردا، بە هەمان شێوە پاڵپشتی لە دروستکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی و گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیبلۆماسی دەکرد لەم چوارچێوەیەدا، بەڵام تا ئێستا ئەم سیاسەتەی هیچ بەرهەمێکی لێنەکەوتۆتەوە و هێشتا ڕوون نییە کە چ سیاسەتێکی دیکەی دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە. سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ئۆباما هیچ ئەزموونێکی لە سیاسەتی دەرەوەدا نییە و هەموو ئەم کێشانە کێشەگەلێکی نوێ و ئەزمونێکی نوێن بۆ ئەو، دواتر ئەو هەوڵیدا خۆی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی بوش دووربخاتەوە، یان جیابکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕوون نییە ئەو جیاوازییە چییە، چونکە تەنها دژایەتیکردنی سیاسەتێك بە مانای ئەوەنییە کە تۆ سیاسەتێکی جیاوازترت هەیە، ئەگەر ئەتەوێت جیاوازبیت دەبێت ئەو هەوڵبدەیت سروشتەکەی بخەیتەڕوو. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت من پێم وایە مەسەلەکە ئەوەیە ئایا بە چ ڕەوتێك ئەمەریکا هێزەکانی لەو وڵاتە دەکێشێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە ووردتر لە بارودۆخەکە بڕوانین، ئەوا دەردەکەوێت کە جەنەراڵ ئۆدێرنۆ کە فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا دیاری دەکات و لە چەندین چاوپێکەوتندا کاتێك پرسیاری لێدەکرێت لە بارەی سیاسەتی جیاوازی ئۆباما لە ئاست عێراقدا ڕایدەگەیەنێت کە هیچ جیاوازییەك لە ئارادانییە، لە هەمان کاتدا هێشتا وەزیری بەرگری سەردەمی ئیدارەی بۆش لە پۆستەکەیدایە و ئەو ڕاسپاردەکان بۆ سەرۆك ئۆباما بەرزدەکاتەوە و سەرۆکیش جێبەجێیان دەکات.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکی ئارام و سەقامگیری عێراقە، کە توانیویەتی لە**

جەنەراڵ ئۆدێرنۆ کە فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا دیاری دەکات و لە چەندین چاوپێکەوتندا کاتێک پرسیاری لێدەکرێت لە بارەی سیاسەتی جیاوازی ئۆباما لە ئاست عێراقدا ڕایدەگەیەنێت کە هیچ جیاوازییەک لە ئارادانییە



**ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا کەشێکی سیاسی سەقامگیری لە هەرێمەکەدا بهێنێتەدی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك باراك ئۆباما بایەخ بە هێشتنەوەی ئەم بەشەی عێراق دەدات وەك هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر و دیموکرات؟**

- ئەمە پرسیارێکە ناتوانرێت وەڵامی بدەینەوە، لەبەر ئەوەی ئۆباما تیرِوانینێکی ڕوونی نییە بۆ ئایندە، ئەو بە شێوەیەکی سەرەکی سەرقاڵی کشاندنەوەی هێزەکانێتی سەرقاڵی و خۆدوورخستنەوەیە لە بارودۆخی ئەو وڵاتە. لەگەڵ ئەوەشدا من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە هەرێمی کوردستان چیرۆکی سەرکەوتنێکی گەورەیە، هەرچەندە هێشتا کێشەی گەورە لە ئارادان و چارەسەرنەکراون، وەك کێشەی چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، بەڵام ئۆباما هیچ هەڵوێستێك لە ئاست ئەم پرسانەدا وەرناگرێت و ئەو تەنها بایەخ بە کشانەوە دەدات لە عێراقدا.

*** ئایا هەڵوێست و تیرِوانینی ڕای گشتی ئەمەریکا چییە لە ئاست عێراق لەم ساتەوەختەدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کشانەوەی هێزەکانەوە هەبێت؟**

- ڕای گشتی ئەمەریکا لەگەڵ پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق و دوورکەوتنەوەیە لە تێوەگلان لە بارودۆخی ئەو وڵاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەوان پشتگیری لە ڕەوانەکردنی هێزی زیاتریش ناکەن بۆ ئەفغانستان و لە تیرِوانینی خەڵکی ئەمەریکادا کێشەی عێراق و ئەفغانستان لێکدانەبڕاون، ئەمە لە کاتێکدا دوو پرس و دوو کێشەی تەواو جیاوازن، هەروەها ئێمە دەزانین هەڵمەتی ئۆباما لە کاتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا جەختی لەسەر دژایەتیکردنی تێوەگلانی سەربازی ئەمەریکا دەکردەوە لە عێراق، کە ئەویش هەڵمەتێکی سلبی بوو نەك ئیجابی.

*** ئەگەر ئەمەریکا بەردەوام بێت لەسەر ئەم سیاسەتە کە ئەویش کشاندنەوەی هێزەکانە لە ساڵی ٢٠١٠دا کە ئەو کاتەش بە دڵنیاییەوە ئەرکەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئەرکگەلێکی تەواونەکراوەبن، ئایا ئەمە چ کاردانەوە و کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ئەمەریکا دەبێت لەم ناوچەیەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە کاریگەری باشی لێناکەوێتەوە و ئەوە دەبێتە ڕێڕەوێکی مەترسیدار، دواتر ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت کە لە ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنی کۆنگرێس ئەنجامدەدرێت و ئەگەر کۆمارییەکان شکست بهێنن ئەوا پێشبینی ئەوە دەکرێت سیاسەتی کشاندنەوەکە بەردەوام دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر دیموکراتەکان دووچاری شکست بن ئەوا ئەگەری ئەو سەرهەڵدەدات ئۆباما نەتوانێت دووبارە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە بەرژەوەندی خۆی تەواوبکات، کەواتە ئەمە پرسێکە پەیوەست نییە بە سیاسەتی ئیدارەی ئێستاوە، بەڵکو بە دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەوە. لەلایەکی دیکەوە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئۆباما لەسەر بناغەی دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا هەڵمەتەکەی خۆی خستەگەڕ، بەڵام تا ئێستا بەدیلێکی دیکەی پێشکەش نەکردووە، بەڵکو ئەوەی دەیبینین درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی پێشووە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا وەزیری پێشوی بەرگری لە پۆستەکەیدایە و هەردوو جەنەراڵ ئۆدێرنۆ و پەترایۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکان لە عێراق و ئەفغانستاندا، کە لە حاڵەتی گۆڕینی وەزیری بەرگری و ئەم فەرماندانەدا دەتوانین بڵێین ئۆباما سیاسەتێکی جیاوازی گرۆتەبەر.

*** تا چ ڕاددەیەك ساڵی ٢٠١٠ دەبێتە ساڵی سەرکەوتنی سیاسەتی هێزی نەرم؟ یاخود ئایا هیچ پێشبینییەکی دیاری کراوت هەیە لە ئاست سیاسەتی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوودا؟**

ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ڕێژەی شەعبیەتی ئۆباما لە داکشاندایە، بۆ نموونە لەم ماوەیەدا پاشەکشەی کرد بۆ ڕێژەی لە سەدا ٤٦، کە ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کارایی سەرۆکی وڵاتەکە لە ئاست ڕووبەڕبوونەوەی کێشە ناوخۆییەکان و کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- یەکێك لە دەستکەوتە گەورەکانی ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن سەرهەڵدانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردەکان بوو لە عێراقدا، کە ڕاستە دوا ئامانجی ئێوە بەدەستهێنانی سەربەخۆییە، بەڵام ڕزگاربوون و شکاندنی کۆتەکانی سەددام حوسێن دەستکەوتێکی مەزن بوو، لە ڕاستیدا ئەمە یەکێك لە لایەنە ئیجابی و دەستکەوتە مەزنەکانی دەستێوەردانی سەربازیی ئەمەریکابوو لە عێراقدا کە بە داخەوە خەڵکی ئەمەریکا تەقدیری ناکەن و ئەم لایەنە ئیجابیە نابینن و ئەوان تەنها نیگەرانی دابەشبوونی عێراقن.

**ئۆباما هیچ ئەزموونێکی لە سیاسەتی دەرەوەدا نییە و هەموو ئەم کێشانە کێشەگەلێکی نوێ و ئەزمونێکی نوێن بۆ ئەو**

**هەرێمی کوردستان چیرۆکی سەرکەوتنێکی گەورەیە، هەرچەندە هێشتا کێشەی گەورە لە ئارادان و چارەسەرنەکراون**

مایکل مارتینز بۆ گوڵان:

# ئۆباما توانی ئەو تێڕوانینە سلبییەی خەڵک لەسەردەمی بوشدا بۆ ئەمەریکای هەبوو بگۆڕێت بۆ ئیجابی

*** ئایا جیاوازی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباماو ئیدارەی بوش چی بوو وا جیهان پێشوازی لە سیاسەتی ئۆباما دەکات؟**

- سەرەتا ئەوان سەر بە دوو پارتی جیاوازن، دیموکراتە لیبراڵەکان و کۆمارییە موحافیزکارەکان، دواتر دەتوانین جیاوازی لە فەلسەفەی هەردووڵادا بەدی بکەین کە ئۆباما پتر باوەڕی بە لێکنزیکبوونەوە و دروستکردنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا، لە کاتێکدا جۆرج بۆش زیاتر گۆشەگیرخواز بوو و بە نیگەرانییەوە لە کەلتور و کۆمەڵگەکانی دیکەی دەڕوانی، هەربۆیە بە بەراورد بە ئیدارەی سەرۆك بۆش، ئیدارەی سەرۆك ئۆباما هەوڵیدا پتر لە وڵات و کۆمەڵگە و کەلتورەکانی جیهانی نزیکببێتەوە، کە لەم چوارچێوەیەشدا کۆششیکرد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا. من باوەڕم وایە ئەم سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما سەرکەوتوو دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەشڵێین توانیویەتی تێڕوانینەکان بگۆڕێت، بەڵام بەلای کەمەوە لە حاڵی حازردا تێڕوانینی خەڵك لە ئاست ئەمەریکادا بەو شێوەیە سلبی نییە کە لە سەردەمی ئیدارەی پێشوودا هەبوو.

**ئۆباما پتر باوەڕی بە لێکنزیکبوونەوە و دروستکردنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا، لە کاتێکدا جۆرج بۆش زیاتر گۆشەگیرخواز بوو و بە نیگەرانییەوە لە کەلتور و کۆمەڵگەکانی دیکەی دەڕوانی**

*** ئێمە دەزانین سیاسەتی هێزی نەرمی ئۆباما بۆتەهۆی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە متمانە بە ڕۆڵی ئەمەریکا بکەنەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم متمانەیە دەگاتە ئاستی ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبێت ئەمەریکا دەتوانێت هاوکاریان بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- بە دڵنیاییەوە هەوڵدراوە ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە دروستبکرێت، بەڵام پێم وایە ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانە خوازیاری چین و دەیانەوێت چ ئامانجێك بەدەستبهێنن و ئایا دەکرێت کێشەکانی ئەم ناوچەیە بە ڕێگایەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێن یاخودنا.

*** گرنگترین خاڵ کەسیاسەتی ئۆباما لەگەڵ سیاسەتی بوش تێکەڵ دەکاتە، هاوهەڵوێستی سیاسەتی ئۆبامایە بۆ سیاسەتی بوش لە ئەفغانستاندا، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئۆباماش بڕوای بەچارەسەری ئاشتیانە نییە لە ئەفغانستاندا؟**

- من دڵنیانیم لەو لێکدانەوەیەی پێی وایە ئۆباما باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیانە نییە بۆ ئەفغانستان، بەڵکو کێشەکە سروشتی



**مایکل ماتینز تایبەتمەندە لە بواری یاسا و چارەسەرکردنی تەنگژەکانە و ئێستا کاندیدی دکتۆرایە بۆ خوێندنی فۆتۆگراف جۆرنالیست لە زانکۆی میسۆری و مارتیز وەك ڕۆژنامەنووسێکی فۆتۆگراف لە نزیکەوە چاودێری سیاسەتی ئەمەریکا و هاتنی ئۆبامای کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە دوای هاتنی ئۆباما دەرکەوتن مایك مارتینز بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

ناکۆکییەکەیە لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە تاڵیبان و ئەل قاعیدە هیچ ئامادەییەکیان نییە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن.

*** ئیدارەی ئۆباما هەموو هەوڵەکانی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی عێراق لێکنزیکبکاتەوە تاوەکو بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، ئەمە لە کاتێکدا هەوڵی کشاندنەوەی هێزەکانی دەدات لەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویست ناکات هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر لە عێراقدا بمێننەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکانی وڵاتەکە بدۆزرێتەوە؟**

- من باوەڕم وانییە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێکرای ئەو هێزانە پاشەکشە پێدەکات، بەڵکو بەشێك لەو هێزانە بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان دەمێننەوە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن لە ئەرکی پاراستنی ئاشتیدا، واتە ڕاستە ئەمەریکا هێزە شەڕکەرەکانی دەکشێنێتەوە، بەڵام بەشێکی هێزەکانی دەمێننەوە بۆ یارمەتی هێزەکانی عێراق.

*** ئایا هەڵوێست و تێڕوانینی ڕای گشتی ئەمەریکا چییە لە ئاست عێراق لەم ساتەوەختەدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کشانەوەی هێزەکانەوە هەبێت؟**

- ڕاستە بەشێکی گەورە و بەرچاوی خەڵکی ئەمەریکا لەگەڵ کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەیان لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان خوازیاری ئەوەن لە دوای ئەم کشانەوەیە ئاشتی و سەقامگیری لەو وڵاتەدا بێتەدی. تا ئێستا باراك ئۆباما هیچ سیاسەت و ستراتیجیەت و پلانێکی دیاریکراو و تایبەتی بۆ هیچ ناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق ئاشکرانەکردووە و ئەوەی هەیە تەنها ئەو سیاسەتە گشتییەیە کە لە ئاست عێراقدا پیادە دەکرێت. ئەمەریکا لەم ڕووەوە پەردەی لەسەر هیچ پلانێکی دیاری کراو لانەداوە لە ئاست ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵاتەکەدا، تەنها هەر ئەوەندەیە ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە دیموکراسی دەکات لە ناوچەکەدا.

*** تا چ ڕادەیەك ساڵی ٢٠١٠ دەبێتە ساڵی سەرکەوتنی سیاسەتی هێزی نەرم؟ یاخود ئایا هیچ پێشبینیەکی دیاری کراوت هەیە لە ئاست سیاسەتی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتودا؟**

- من پێشبینی هیچ گۆڕانکارییەك ناکەم لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆبامادا، تەنها درێژەدەدات بەو سیاسەتەی ئێستا پیادەی دەکات، لەبەر ئەوەی نەك ئامانجەکانی ئەم سیاسەتەی هێناوەتەدی، بەڵکو هێشتا لە سەرەتادایە و من پێم وایە ئەگەر بتوانێت لە ساڵی داهاتوودا مەسەلەی چاودێری تەندروستی لە وڵاتەکەدا چارەسەربکات و ئابووری وڵاتەکە ببوژێنێتەوە، ئەوا کاتی زیاتری لەبەردەستدا دەبێت بۆ ئەوەی بایەخ بە مەسەلە و کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە بدات. کەواتە من پێشبینی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکەیدا ناکەم، بەڵکو من پێموایە ئەوەی ڕوودەدات درێژەپێدانی ئەو سیاسەتەیە کە ئێستا لە ئارادایە.

برنت ساسلی بۆ گوڵان:

# باراک ئۆباما كارنامە و بیروبۆچوونێكی جیاوازتری هەبوو لەبارەی چۆنیەتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا

***ساڵی ٢٠٠٩ چەندین گۆڕانكاری لە خۆگرت بۆ عێراق، بە تایبەتی ئەو ڕێككەوتنامە ئەمنیەی لە نێوان حكومەتی بەغدا و حكومەتی واشنتۆندا ئیمزاكرا. بەپێی ئەم ڕێككەوتنە، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ژمارەی هێزەكانی لە عێراقدا كەمدەكاتەوە، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن ئەم ڕێككەوتنە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەنجامدان و ئیمزاكردنی ئەم ڕێككەوتنە شتێكی حەتمی بوو. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارگرانییەی مانەوەی ئەمەریكا لە عێراقدا دروستی دەكرد، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی سەربازە كوژراوەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بوونی ململانێ و ناكۆكییە ناوخۆییەكان لە نێوان سیاسەتمەدارەكانی عێراق و درێژبوونەوەی دەستێوەردانی ئێرانییەكان لەو وڵاتەدا، ئەوا فشارەكانی سەر سەركردەكانی ئەمەریكا بۆ گۆڕینی بارودۆخی عێراق زیاتر دەبوو. لە هەمان كاتدا بوونی باراك ئۆباما بە سەرۆكی ئەمەریكا، كە كارنامە و بیروبۆچونێكی جیاوازتری هەبوو لە بارەی چۆنیەتی هەڵس و كەوتكردن لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا، ڕەوت و ئەگەری گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی لەم چەشنەی خێراتر كرد.

*** لە ساڵی ٢٠٠٩دا، هەڵبژاردنێكی گەورە لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا ئەنجامدرا، كە بە یەكێك لە هەڵبژاردنە سەركەوتووەكانی ناوچەكە لە قەڵەمدرا. بە پێی تیڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ئەم هەڵبژاردنە بووەهۆی زیاتر ڕاكێشانی سەرنجی ڕای گشتی ئەمەریكا؟**

- هەڵبژاردنەكان ئاماژەیەكی گرنگ بوون بۆ بەرەوپێشچوون و سەقامگیری هەرێمەكە، بەڵام من باوەڕم وانییە زۆربەی خەڵكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ئەو هاوڵاتییە ئاساییانەی بەشدارنین لە پرۆسەی بڕیارسازی، یاخود لە نزیكەوە بە دواداچونیان نییە بۆ پرس و كێشە دەرەكییەكان—ئاگاداربن كە ئەم هەڵبژاردنانە ئەنجامدراون. ئەگەر ئاگاداریشبن، ئەوا ئەمە ئاماژەیەكە كە ئەو هەرێمە پتر بەرەو سەقامگیری هەنگاو دەنێت، ئەمەش بەڵگەیەكی زیاترە كە هێزەكانی ئەمەریكا دەتوانن زووتر ئەو وڵاتە جێبهێڵن.

*** لە ساڵی ٢٠٠٩دا، هەرێمی كوردستان توانیویتی نەوت هەناردەی دەرەوە بكات، ئەمەش پاڵپشتییەكی باش بوو بۆ زیادكردنی داهاتی نەوتی عێراق. كەواتە ئایا تا چ ڕاددەیەك زیادبوونی داهاتی نەوتی عێراق بەهۆی هەناردەكردنی نەوتی كوردستانەوە كاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر ئابووری عێراق؟**



● ● ●

**پرۆفیسۆر برنت ساسلی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی تەكساس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەكردن لەسەر كاریگەری سەرۆك ئۆباما لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا بەرامبەر بەعێراق پرۆفیسۆر ساسلی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

● ● ●

- زەحمەتە بتوانین لەم ساتەوەختەدا شیكردنەوە و لێكدانەوە بكەین، بە تایبەتی كە ناكۆكی هەیە لە بارەی دابەشكردنی داهاتەكانی نەوتی عێراقەوە. بە دڵنیاییەوە هەر زیادبوونێك لە ڕێژەی داهاتی نەوتدا لە بەرژەوەندی تێكڕای وڵاتەكەدایە، بەڵام (١) ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن ئەم داهاتە بەسەر هەرێمەكان یان بەشەكانی وڵاتەكەدا دابەشدەكرێت، و (٢) ئایا حكومەت دەتوانێت ئەم داهاتە بە شێوەیەكی عادیلانە بەسەر چین و توێژەكانی دانیشتوانی وڵاتەكەدا دابەشبكات. بۆ نموونە، ئەگەر یەكێك لە گروپەكان (با بڵێین سوننەكان) ڕێژەیەكی كەمتری ئەو داهاتەیان پێبدرێت، ئەوا نارازیبوون دروست دەبێت.

***تێكڕای جیهان ئومێدی ئەوەی دەخواست ساڵی ٢٠٠٩ بارودۆخی عێراق بەرەو سەقامگیری هەنگاو بنێت، سەرەڕای ئەوەی نەیتوانی لەم ئەركەدا سەركەوتوبێت، ئەوا حاڵی حازر پرۆسەی سیاسی بەرەو هەرەسهێنان ڕێگەی گرتووە. بە لێكدانەوەی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ئەگەری ئەوە یە بارودۆخی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠دا بەرەوپێشچوون بەخۆوە ببینێت؟**

- بە داخەوە من گەشبین نیم لە ئاست بارودۆخی ساڵی ٢٠١٠ی عێراقدا. لەبەر ئەوەی لەم ساتەوەختەدا هیچ ئاماژەیەكی ڕوون بەدی ناكەین كە شەڕ و ناكۆكیی تائیفی كۆتای هاتبێت، یاخو نیشانەیەكی ڕوون لە ئارادانییە كە حكومەت دەتوانێت كۆنترۆڵی ئەمنی خۆی لە سەرتاسەری وڵاتەكەدا بسەپێنێت. لە هەمووشی گرنگتر، پێناچێت هیچ ئاماژەیەكیش لە ئارادابێت كە پارتە سیاسییەكان دەتوانن بگەنە ڕێككەوتنێك لە نێو خۆیاندا لە بارەی حكومڕانیكردنی وڵاتەكەوە بە شێوەیەكی یەكسان و دادپەروەرانە، بێ ئەوەی تەنها هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییە شەخسی، سیاسی و تائیفیە بەرتەسكەكانیان بدەن.

*** ساڵی ٢٠٠٩ ئەوەی سەلماند كە زۆر زەحمەت و ڕەنگە مەحاڵیش بێت عێراقییەكان بتوانن پێكەوە بژین. كەواتە ئایندەی عێراق چۆن دەبێت، ئەگەر بارودۆخەكە بەمشێوەیە بەردەوام بێت؟**

- من پێم وایە ئایندەیەكی باش چاوەڕوانی عێراق ناكات. ئەگەری زۆر ئەوەیە لە ساڵی ٢٠١٠دا عێراق هەمان ڕێگا و ڕێڕەوی ساڵی ٢٠٠٩ درێژەپێبدات.

*** چۆن واقیعی هەرێمی كوردستان دەبینیت لە ئێستادا؟**

- لەم ساتەوەختەدا هەرێمی كوردستانی عێراق یەكێك لە دەستكەوتە ئیجابییەكان لە عێراقدا. كە سیستمی سیاسی و ئابووری ئەم هەرێمە خاوەنی سەقامگیرییەكی ڕێژەیین. هەروەها ئاستی ناكۆكی ناوخۆیی زۆر نزمترە. ڕاستە هێشتا ناكۆكی لە نێوان گروپەكاندا بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بتوانرێت ئیحتیوابكرێن یاخود لە ڕێی پرۆسە سیاسییەكەوە یەكلابكرێنەوە ئەوا سەرناكێشن بۆ ناسەقامگیركرن و شێواندنی بارودۆخەكە. ئێستا پرس و پرسیاری سەرەكی ئەوەیە ئایا تا چەند ئەگەری مانەوەی كوردستان لەگەڵ بەشەكانی دیكەی عێراقدا لە ئارادایە، یاخود مانەوەی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا چۆن دەبێت. ئەگەر كوردستان لە عێراق جیاببێتەوە، ئەوا پێگەی كوردستان هەم پێگەیەكی بەهێز و هەم پێگەیەكی لاواز دەبێت: بەهێز دەبێت لەبەر ئەوەی دەبێتە خاوەنی یەكەیەك یان قەوارەیەكی سەربەخۆی خۆی، بێ ئەوەی لە هیچ شتێكدا پشت بە عێراق ببەستێت. هەروەها لاواز دەبێت لەبەر ئەوەی گیروگرفت بۆ توركیا دروستدەكات، ئەمەش سەربەخۆی كوردستان دەخاتە مەترسییەوە.